# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـوردی ٢٠٢٤ی زایینـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر
بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە

http;//gov.krd/ka
ISSN: 2520-4106
هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# چێوەیەکی تیۆری لە نێوان بۆچوونەکانی هالیدەی و فاوسێت لە زمانەوانیی ئەرکیدا


**پ. د. سەباح ڕەشید قادر**

زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی زمان

**بێگەرد سەلام محەمەدئەمین**

زانكۆی كۆیە، كۆلێژی پەروەردە



**پوختە:**

ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە (چێوەیەكی تیۆری لە نێوان بۆچوونەكانی هالیدەی و فاوسێت لە زمانەوانیی ئەركیدا)، كە تیایدا بۆچوونەكانی فاوسێت سەبارەت بە زمانەوانیی ئەركیی ڕێكخراو systemic Function Linguistic دوای هالیدەی خستیە ڕوو. دەستپێكی بۆچوونەكانی بەوە دەست پێ دەكات «من كە دەڵێم هالیدەی شاكارترین زمانەوانی سەدەی بیستەمە، ئەوە ناگەیەنێ، كە هەردەم پێم وابێ كە ئەو لە هەموو شتەكانی ڕاستە، مەرجیش نییە لە هەموو بۆچوونەكانی سەبارەت بە ڕێزمانی زمان[1]ی ئینگلیزی لەگەڵیدا بم، بەڵام دەبێ ڕێز لەو لایەنە بگرین، كە هالیدەی شوێن پەنجەی دیارە لە بەرەوپێشبردنی بیرۆكەی زمان و زمانەوانیدا، فاوسێت لە بۆچوونەكانیدا زیاتر دوو ڕێزمانی جیاواز شی دەكاتەوە، كە بە ڕێزمانی سیدنی Sydney Grammar ڕێزمانی كاردیف Cardiff Grammar ناو دەبرێن، هەردوو ڕێزمانەكەش بۆ ئەوەیە چۆن بتوانن تیۆرە زمانییەكان بكەن بە مۆدێلێكی زمانی لە چوارچێوەی SFL دا، واتە زمانەوانی ئەركیی ڕێكخراودا.

لێرەدا فاوسێت هەوڵ بۆ ئەوە دەدات كە (تیۆر)، لە وەسفی زمانی جیا بكاتەوە، ئەوەش وای كرد كەوا شیكردنەوەی جیاواز بۆ یەكەكانی فۆرم و واتا بكات. شیكردنەوەكانی فاوسێت بۆ ئاستی خوار پاڕستەوە دادەبەزێ، بەوەش هەندێ زاراوەی وەكو یەكە، و پایە، گروپی ناوی و توخم دێتە ئاراوە، كە پێشتر لە ڕێزمانە ئەركییەكەی هالیدەی بەرچاو ناكەوێت. ئەو زمانەوانییەی فاوسێت بە ڕێزمانی دوای هالیدەی ناو دەبرێت. ئێمە هەوڵ دەدەین خۆمان لە بەراوردكردنی ئەم دوو ڕێزمانە بپارێزین، بەڵام ئەوەی ناچارمان دەكات زیاتر ئەوەیە، كە فاوسێت خۆی لە خستنەڕووی هەر بۆچوونێكی تازەی خۆی پێشتر ئاماژەیەك بە بۆچوونەكانی هالیدەی دەدات، ئەوەی پێویستی بە وتنە، ئەو توێژینەوەیە، بەشێكە لە نامەیەكی ماستەر تیایدا چێوەی تیۆری بابەتەكە دەخاتە ڕوو،

لەبەرئەوەیە لایەنی تیۆری لەشیکردنەوەکاندا زیاتر باوە.
ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:
بەشی یەکەم، لە ژێر ناوی تیۆری ئەرکیی ڕێکخراو بەپێی بنەماکانی بونیادگەرەکانە، تەوەرەکانی سۆسێر و ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو، شێوەی وشە و واتا، ڕێزمانی ئەرکیی هالیدەی، بەراورد لەگەڵ ڕێزمانی سیدنی، زمان و دەق، پەیوەندییە ستوونی و ئاسۆییەکان، لە سۆسێرەوە بۆ ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو و چەند باسێکی دیکە دەگرێتە خۆی.
بەشی دووەم، ئەم تەوەرانەی لەخۆ گرتوە، چەمکی پێوەر و کەرەستەکان، بۆچوونەکانی هالیدەی، ڕستەی ڕێکخراو، و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بەم باسانەوە.
بەشی سێیەم، لە ژێر ناوی پێشنیاز بۆ هەندێ لە گریمانەکان، ئامانجەکان و پۆلەکانی هەندێک لەو پێشنیازانە و پەیوەندیی نێوانیان باس کراوە، هەروەها باس لە پێکهاتەی زمان کراوە.
لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

کلیلەوشە: زمانەوانیی ئەرکی، ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو، هالیدەی، فاوسێت

**پێشەکی**

**١. ناونیشـــان و ســـنووری توێژینەوەکە**ناونیشـــانی ئـــەو توێژینەوەیـــە بریتییـــە لـــە (**چێوەیەکـــی تیـــۆری لـــە نێـــوان بۆچوونەکانـی هالیـدەی و فاوسـێت لـە زمانەوانیـی ئەرکیـدا**)، تیایـــدا بۆچوونەکانـــی فاوســـێت ســـەبارەت بـــە زمانەوانـــی ئەرکیـی ڕێکخـراو، کـە هــەم گەشــەکردن و هــەم گۆڕینــی بەشــێك لـــە چەمـــك و زاراوە و بۆچوونەکانـــی هالیـــدەی دەخاتـە ڕوو، وەکـو ڕێزمانێکـی نوێـی دوای قۆناغـی هالیـدەی نـــاو دەبـــرێ، ســـنووری توێژینەوەکـــە لـــە چوارچێـــوەی دیالێکتـی کوردیـی ناوەندیدایـە، نـاوی زمانەوانیـی ئەرکیـش وا دەکات، کـە شـیکردنەوەکە بەپێـی سروشـتی تیۆرەکـە بـە هەمـــوو ئاســـتەکانی زمانـــدا بچێتـــەوە.

**٢. کێشەی توێژینەوەکە**

هەوڵـــی ئـــەو توێژینەوەیـــە بـــۆ ئەوەیـــە ئـــەو تیـــۆرەی فاوسـێت لـە لێکدانـەوەی کەرەسـتە زمانییـەکان دەسـتەبەری دەکات تاکـو چەنـد ئـەو شـیکردنەوەیە بـۆ زمانـی کـوردی بـە هەمـوو ئاسـتەکانییەوە گونجـاوە، بـەڵام ئێمـە گریمانـەی ئـــەوە دەکەیـــن کـــە ئاســـتەنگ و بەربەســـتێکی وای نەبـــێ، چونکـــە پێشـــتر ڕێزمانـــی ئەرکییەکـــەی هالیـــدەی گەلێـــك هـەوڵ و شـیکردنەوەی لـە زمانـی کـوردی بـۆ کـراوە، ئەگـەر کێشـەیەك هەبـێ زیاتـر لـە چێـوەی ئـەو زاراوانـەدا دەبـێ، کـە فاوسـێت بـۆ ئـەو تیـۆرە دایهێنـاوە.

**٣. گرنگیی توێژینەوەکە**

ناسـاندنی تیـۆرێ نوێـی زمانەوانـی بـە خوێنـەری کـورد و توێژەرەکانـی، دەکـرێ وەکـو پوختـە و دەروازەیـەك سـەیر بکرێـت، ببێتـە کلیلـی توێژینـەوەی وردتـر و بەرفراوانـتر لـەم بـارەوە.

**٤. ڕێبازی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکـــە پشـــت بـــە بیروبۆچوونـــە ئەرکییەکانـــی فاوســـێت دەبەســـتێت، کـــە سروشـــتی تیۆرەکـــە هـــەم ڕێبازێکـــی وەســـفی و هـــەم ڕێبازێکـــی بەراوردکردنـــی لـــە شـــیکردنەوەکانی دەســـتەبەر دەکات.

**٥. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ئـەم توێژینەوەیـە بـە سـەر سـێ بەشـدا دابـەش دەبـێ، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

**بەشـــی یەکـــەم**، لەژێـــر نـــاوی تیـــۆری ئەرکیـــی ڕێکخـــراو بەپێـــی بنەماکانـــی بونیادگـــەرەکان، تەوەرەکانـــی سۆســـێر و ڕێزمانـــی ئەرکیـــی ڕێکخـــراو، شـــێوەی وشـــە و واتـــا، ڕێزمانـــی ئەرکیـی هالیـدەی، بـەراورد لەگـەڵ ڕێزمانـی سـیدنی، زمـان و دەق، پەیوەندییـە سـتوونی و ئاسـۆییەکان، لـە سۆسـێرەوە بـۆ ڕێزمانـی ئەرکیـی ڕێکخـراو و چەنـد باسـێکی دیکـە دەگرێتـە خـۆی.

**بەشـــی دووەم**، ئـــەم تەوەرانـــەی لەخـــۆ گرتـــووە، چەمکـــی پێـــوەر و کەرەســـتەکان، بۆچوونەکانـــی هالیـــدەی، ڕســـتەی ڕێکخـــراو، و چەنـــد بابەتێکـــی دیکـــەی پەیوەندیـــدار بـــەم باســـانەوە.

**بەشـــی ســـێیەم**، لەژێـــر نـــاوی پێشـــنیاز بـــۆ هەنـــدێ لـــە گریمانـــەکان، ئامانجـــەکان و پۆلەکانـــی هەندێـــک لـــەو پێشـــنیازانە و پەیوەندیـــی نێوانیـــان بـــاس کـــراوە، هەروەهـــا بـــاس لـــە پێکهاتـــەی زمـــان کـــراوە.

لـــە کۆتاییـــدا ئەنجامـــە بەدەســـتهاتووەکان و پوختـــەی توێژینەوەکـــە بـــە زمانـــی عەرەبـــی و ئینگلیـــزی لیســـتی ســـەرچاوەکان خراونەتـــە ڕوو.

**١/ تیۆری ئەرکی ڕێکخراو بەپێی بنەماکانی بونیادگەرەکان**

**١-١ سۆسێر و ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو (سیستەمی)**

بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان، سۆسـێر بـە «بـاوک»ی زمانەوانیـی هاوچـەرخ نـاسراوە. بیرۆکەکانـی چوارچێوەیەکـی گشـتییان فەراهـەم کـردووە بـۆ زۆربـەی ئـەو تیۆرانـە (بیردۆزانـە) ی زمـان کـە لـە سـەدەی بیسـتەمدا بەرەوپێـش چـوون، بـۆ هەندێـک لـەو لایەنـە تـەواو تایبەتانـەی ژمارەیـەک لـەو تیۆرانـە کاریگەریـی بیرۆکەکانـی سۆسـێرە لەسـەر ئـەو شـێوازەی ڕێزمانـی ئەرکیـی ڕێکخـراو کـە لێـرەدا خراوەتـە ڕوو، لـە بەشـەکانی داهاتووشـدا ڕوون دەبێتـەوە.


**٢-١ شێوەی وشە (فۆرم) و واتا**

سـەرەکیترین چەمکـی سۆسـێر بریتییـە لـە «ئامـاژەی زمانەوانـی». بـە بۆچوونـی سۆسـێر هـەر «ئاماژە»یـەک لـە «هێـما» و «هێمابۆکراو»ێـک پێـک دێـت- واتـا لـە فـۆرم و واتـا پێـک دێـت. هـەر ئـەو بـوو کـە ڕێبـەری ئـەو ڕێبـازەی کـرد بـەرەو نرخاندنـی زۆری ئـەو بیرۆکەیـەی لـە ڕێگـەی

زمانەوانیی ئەرکی لە کۆتاییی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کە فۆرم و واتا هەردووکیان پێکەوە پێناسەی یەکتری دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی بریتی نییە لە نموونەی درکپێکەری تاکە ‹ئاماژە›یەک، وەکو

- من برسیمە.

نموونەی کۆمەڵەیەکی تەواوی ئاماژەکان، کە کۆی ‹سیستەمێکی ئاماژە› پێک دەهێنن، وەکو زمانی ئینگلیزی. بە واتایەکی تر، تەنها لەبەرئەوەی تاکە ئاماژەیەک هەم فۆرم و هەم واتای هەیە، سیستەمی ئاماژەکانی وەکو زمانی سروشتی مرۆڤ، بە سەیرکردنی بە سادەترین شێوە، دوو ئاستی هەیە کە لە هێڵکاری (١) خراوەتە ڕوو، بۆیە هێڵکاریی (١) دەتوانرێت وەکو نموونەیەکی زۆر سادەی کۆی زمان ببینرێت. سۆسێر ئەو دوو لاکێشەیە بەو شێوەی خوارەوە دەخاتە ڕوو.




بڕوانە ( Saussure, 1966,11 )

هێڵکاریی ژمارە (١) نموونەیەکی سادەی هەر سیستەمێکی ئاماژەکان

چونکە هەر سیستەمێکی ئاماژە شتێک بەکار دەهێنێت، هێڵکاریی (١) دوو تیر لەخۆ دەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەرکی هەر سیستەمێکی ئاماژە بریتییە لە گۆڕینی واتاکان بۆ شێوەی وشەکان (فۆرم)، و فۆرمەکان بۆ واتاکان. بۆ نموونە سیستەمێکی سادەی سیستەمی ڕێژیکردنی هاتوچۆ تەنها دوو شێوەی هەیە – پەپکەیەکی سوور و پەپکەیەکی سەوز – و دوو واتاشی هەیە – کە ئێمە دەتوانین بە ‹بوەستە› و ‹بڕۆ› دەریببڕین، بەڵام زمانی مرۆڤ زۆر لەمە ئاڵۆزترە، کە دەبینرێت.

لە لایەکی ترەوە، زۆربەی جار ئەوە شتێکی بەسوودە کە ئەم وێنە و نموونە تەواو سادەیە بەبیر بهێنینەوە، کاتێک ئێمە لە چوارچێوەی هەندێک لە نیمچە پێکهێنەرەکانی کۆی نموونەی زمان کار دەکەین، دەبێت هەر بەو شێوەیە بین بۆ زۆرینەی ئەم توێژینەوەیە. بە واتایەکی تر، ئێمە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، کە لە فۆرمەکانی زمان تێ بگەین بەبێ ڕەچاوکردنی واتاکانی - و بەپێچەوانەشەوە (بڕوانە crystal, 1971 ,159).

### ١-٣ ڕێزمانی ئەرکیی هالیدەی بەراورد لە گەڵ ڕێزمانی سیدنی

ئەوانەی کارتێکردن و کاریگەرییە سەرەکییەکانیان لەسەر هالیدەی (Halliday)- بە ڕوونی دیارە هەروەها یەک لە دوای یەک لەسەر ڕێزماناسەکانی دیکەی سیدنی (Matthiessen)- بریتی بوون لە وانگ لی Wang Li زمانەوانی چینی و جەی ئارِ فێرتیJ.R. Firth کە پێشەنگی قوتابخانەی زمانەوانیی لەندەن بوون.

کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر Fawcett هەبووە و هەروەها لەسەر سۆسێر Saussure، بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ، جەی ئارِ فێرتی J.R. Firth و وانگ لی Wang Li- و زمانەوانە وەسفییە بەریتانییەکانی وەکو ڕاندۆڵف کوێرک Randolph Quirk و جیوفری لیچGeoffrey Leech . (بڕوانە fawcett ,2008 ,44).

ئەگەرسەیری سیستەمی هارڤارد، بکەین بەو شێوەییە (دانەر، ساڵ، لاپەڕە)، ئەگەر سیستەمی گۆڤار وایە کێشەمان نییە.

#### ١-٤ زمان و دەق

لە زیادکردنی چەمکی ‹سیستەمی ئاماژە› بۆ چەمکی ‹ئاماژە›، ئێمە لە پێشدا دووەم جیاوازیی جەوهەریمان بەکار هێناوە، کە لە لایەن سۆسێرەوە داهێنراوە – واتا جیاکردنەوەی سیستەمی ئاماژە لە نموونەیەک لە سیستەمەکە، یان تاکە ئاماژەیەک. لە بنەڕەتدا، ئەم جیاوازییە لە نێوان کۆی زمانێک – وەک سەرچاوەی دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و زانیارییەکان لەگەڵ مرۆڤەکانی تر و بەرهەمێک لە زمانەکە، واتە دەقی زمانەکەدایە، بۆیە دەق بەگوێرەی ئەو تیۆرەی لێرەدا خراوەتە ڕوو پێناسە کراوە، وەک نموونەیەک لەو زمانەی کە بەکار دەهێنرێت و بۆ زمانەوانێک دەق

دەکرێـت یـان وتـراو بێـت یاخـود نـووسراو، هەرچەنـدە لـە بەکارهێنانـی ڕۆژانـەدا ‹دەق› بـە نـووسراو دادەنرێـت.


جیاوازیکـردن لـە نێـوان ‹زمان›ێـک و ‹دەقێـک دەکرێـت بـە چەمـک و زاراوەی گشـتگیرتر دەربـبڕدرێـت وەکـو جیاوازیکـردن لـە نێـوان توانسـتێک و نموونەیـەک.

لەبـەر ئـەوەی ئـەم نموونـە و شـێوازەی زمانەکـە هـەر یەکـە لـە ئاسـتی واتـا و فۆرمـی هەیـە، شـتێکی لۆژیکییـە پێشـبینی ئـەوە بکرێـت کـە لـە هـەر کام لـەم دوو ئاسـتەدا، چەنـد ڕێگەیـەک هەبێـت بـۆ دەستنیشـانکردنی (١) ئـەو توانسـت و(٢) نمونانـەی کـە بەرهەمـی بەکارهێنانـی ئـەو توانسـتەیە.

ئـەم دوو جـووت زاراوەیـە نموونەیـەک لـە سیستەمی هێـما و نیشـانە - و هەروەهـا نموونەیـەک لـە زمـان - مـان بۆ دەسـتەبەر دەکات، کـە زۆر قایلکـەر و پەسـەندترە لـە هیـی هێڵکاریـی (١)، دەتوانیـن ئـەم نموونـە دەوڵەمەندکـراوەی دوو پێکهێنەرەکـەی و ئەنجامەکانیـان، وەک لـە هێڵکاریـی(٢) پیشـان بدەیـن.

دەبێـت بێینـە سـەر ئـەو پرسـیارەی کـە پێویسـتە، تیـرە زیادەکانـی نێـوان خانـەکان بچنـە کـوێ لـە هێڵکاریـی (٢) هەروەهـا باسـکردن و پیشـاندانی چۆنیەتـی کارکردنـی نموونەکـە.

دوو خانــە لاکێشــەییەکەی لای چــەپ پێکهێنەرەکانــی هەمـوو سیسـتەمێکی هێـما و نیشـانەکان پیشـان دەدات و دوو خانەکـەی لای ڕاسـت دەرەنجـام و بەرهـەم هێنانـی ئـەو پێکهێنەرانـە پیشـان دەدات لـە سـەر خانـە لاکێشـەییەکان مـن زاراوەکانـم لـە نـاو کەوانـە دانـاوە کـە بـەکار دەهێنرێـن کاتێک سیستەمی هێما و نیشانەکە بریتییە لە زمان.




(بڕوانە 38, Fawcett, 2008).

هێڵکاریی ژمارە (٢)

پێکهێنـەرەکان و دەرەنجـام و بەرهەمەکانیـان لـە هـەر سیسـتەمێکی هێـما و نیشـانەکاندا

بـا ئێسـتا باسـێک لەسـەر هـەر یەکـە لـەو خانـە لاکێشـەییانەی هێڵکاریـی (٢) بکەیـن - لـە خانـەی لای چەپـی سـەرەوە دەسـت پـێ دەکەیـن، ئەمـە ئـەو پێکهێنەرەیـە کـە ئـەو بەشـە دیـاری دەکات هالیـدەی لێزانانـە نـاوی لێنـاوە توانسـتی واتایـی زمـان **(Meaning Potential)**، لـە ڕێزمانـی ئەرکیـی ڕێکخـراودا، ئەمـە شـێوەی تـۆڕی سیسـتەمێکی فراوانـی بـژاردەکان وەردەگرێـت لـە نێـوان تایبەتمەندییـە واتاییـەکان (سـیمانتیکییەکان)دا.

هاوکێشـەکانی لای چـەپ لایەنـی نـاوەوەی زمـان دەگرێتـەوە، واتـا ئـەو توانسـتەی کـە لـە مێشـکی قسـەکەردایە شـتێکی نابەرجەسـتەیە و ڕێزمانـی ئەرکـی لێـرەدا دوو توانسـت (واتایـی، و شـێوەیی) جیـا دەکاتـەوە، ئـەو دوو توانسـتە، تـا نەکەونـە نـاو دەقێکـەوە(چ ئاخاوتـن، چ نووسـین) بـە نمونـە ناکرێـن و بەرجەسـتە نابـن، دروسـتی و نادروسـتی کەرەسـتەکان یـەکلا نابێتـەوە. پاشـان بـە لەبەرچاوگرتنـی چەمکەکانـی ‹توانسـتی› و ‹نموونـە›، ئێمـە دەبێـت لۆژیکییانـە پێشـبینی لـەو نموونـە (مۆدێلـە) بکەیـن کـە نموونـەی ‹واتـاکان› بەرهـەم بهێنێـت لـە ‹توانسـتی واتـا›دا، لـە ڕاستیشـدا هـەر وا دەکات. بۆیـە دەبێـت ئێمـە لـە بەشـەکانی داهاتـوودا چاومـان بـە نموونـە سـادەکانی دەربڕینەکانـی هەڵبژاردنـی تایبەتمەندییـە واتاییـەکان بکەوێـت لـە تـۆڕی سیسـتەمەکاندا.

لەبـەر ئـەوەی جەخـت لەسـەر ئاسـتی فـۆرم دەکەینـەوە، دەبێـت قسـەی زۆر کەمـتر لەسـەر توانسـتی واتـا یاخـود نموونەکانـی واتـا بکەیـن. دەربـارەی ئاسـتی فـۆرم دەکـرێ لێرەشـدا ئێمـە چاوەڕێـی ئـەوە بکەیـن کـە چاومـان بـە مانـەی خـوارەوە بکەوێـت:

١. پێکهێنەرێـک کـە ئـەوەی ئێمـە دەکـرێ نـاوی بنێیـن توانسـتی فۆرمـی زمـان دیـاری بـکات.

٢. لەسـەر ئاسـتی واتـا - نموونەکانـی دەقـی ڕسـتەکان کـە بەرئەنجـام و بەرهەمەکانیەتـی. لێرەشـدا ڕێزمانـی ئەرکـی ڕێکخسـتنی هەردووکیانـی هەیـە.

‹**توانسـتی فـۆرم**› پێـک دێـت لـە یاسـاکانی بەدیهاتـن و

پێزانیـن، نموونـەی سـادەی بەدیهاتـن و پێزانیـن لـە ڕستەسـازی و لـە وشـەدا دێنـە دی.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەوە نموونەکانـن کـە لەسـەر ئاسـتی فـۆرم جێـی سـەرەنجن و جەختیـان لەسـەر دەکرێتـەوە، چونکـە خـودی ڕسـتە بەتـەواوی هـەر ئەوەیـە، هەروەهـا ڕسـتە زۆربـەی جـار یـەک بڕگەیـە، وەکـو ئـەوەی کـە دەبێـت وەک نموونـە وەربیگریـن.

دەبێـت جاروبـار ئامـاژە بـە ‹ڕسـتە› بکەیـن وەک **دەقـی ڕسـتە**، بـۆ ئـەوەی بەبیرمـان بێتـەوە کـە ژینگـەی سروشـتی ڕسـتە ئـەوە نییـە کـە بـە تەنهـا بێـت وەکـو نموونـەی بـە ژمـارە، بەڵکـو بەشـێکە لـە پێکهاتـەی وتـار و ئاخاوتنـی دەقێکـی دوور و درێژتـر.

**٥-١ پەیوەندییـە سـتوونی و ئاسـۆییەکان (پارەدیگماتیـک و سـینتەگماتیک)**

سۆسـێر سـێیەم جیاوازیـی کرۆکداریـی کـردووە لـە نێـوان ئـەم دوو جـووت چەمکـەدا: واتـا لـە نێـوان پەیوەندییـە سـتوونی و ئاسـۆییەکان لـە زمانـدا، ئـەم جیاوازییـە بـە تایبەتـی بـۆ زمانەوانیـی ئەرکـی ڕێکخـراو گرنگـە، چونکـە ئەمـە چەمکەکـە دەناسـێنێت کـە سـەرەکیترین بەشـە بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی چـۆن ڕێزمانـی ئەرکـی ڕێکخـراو جیـاوازە لـە ڕێبـازە ئەرکییەکانـی دیکـە بەرامبـەر بـە زمـان وەکـو ڤـان ڤالیـن.... ( بـۆ نموونـە ١٩٩٧أ، و ١٩٩٧ب) و (بـۆ نموونـە ١٩٩٣) ڕوونـی دەکاتـەوە.

لای ڤـان ڤالیـن لـە ڕێزمانـی ڕۆڵ و ئامـاژەدا (Role and Reference) کەبـە (RRG) کـورت دەکرێتـەوە، کرۆکـی ئـەو ڕێبـازە لـە سیسـتەمی نواندنـی فەرهەنگـی و ڕۆڵـی سـیمانتیکی، ڕۆنانـە واتاییەکەیـە، سیسـتەمی نواندنـی فەرهەنگـی لەسـەر بنەمـای ئـەو هێڵکارییـەی هاتـە کایـە کـە (Dawty :1979) پێشـنیازی کـرد، ئەویـش زیاتـر بـۆ ئـەو پۆلێنکردنـەی (Vandle 1967) دەگەڕێتـەوە، کـە تیایـدا کردارەکانـی پـۆل کـرد بۆ(بـار، states، چالاکییـەکان activities، کار گەیانـدن Achievement و کار جێبەجێکـردن accomplishment) سـەیری ئـەم نموونانـەی خـوارەوە بکـە:

بار: چراکە شکاوە. (چراکە).

- بارگەیاندن: چراکە شکا (بووبە شکاو).
- جێبەجێکـردن: یـەک بیـل چراکـەی شـکاند (کـردن بیـل، Ø)کاری یاریـدەدەردا.
- چـالاک : چراکـە شـکاوە.(چراکە). (بڕوانـە Van valin, 1993,69).

پەیوەندییـە سـتوونییەکان (پارادیگماتیکییـەکان) بریتییـە لـە پەیوەندیـی نێـوان جیـاوازی یـان دژیەکـی، بـۆ نموونـە لـە نێـوان تایبەتمەندییەکانـی ‹نزیـک› و ‹نانزیـک› (بـۆ بکەرەکـە)، لـە سـەر ئاسـتی واتـا، و لـە نێـوان ئەمـە و ئـەوە لـە سـەر ئاسـتی فـۆرم، دوو خاڵـی گرنـگ هەیـە دەبـێ بـاس بکرێـت.

**یەکـەم**: پەیوەندییـە سـتوونییەکان تەنهـا لـەو زمانانـەدا هـەن کـە بـەکار دێـت بـۆ بەرهەمهێنانـی دەقـی ڕسـتە نـەک لـە نـاو خـودی ڕسـتەکەدا، بـۆ نموونـە، ‹شـتێک› دەشـێت واتـای ‹نزیـک› یـان ‹نانزیـک›ی هەبێـت، بـەڵام نـەک هەردووکیـان، هەروەهـا لـە سـەر ئاسـتی فـۆرم ئێمـە دەشـێت ئامـاژە بـە شـتێک بکەیـن بـە وتنـی ئەمـە و ئـەوە - بـەڵام نـەک هەردووکیـان، ئـەوەش بەشـێکە لـە یەکێـک لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی لۆجیـک، کـە نامانـەوێ لێـرەدا ئامـاژەی پـێ بدەیـن.

**دووەم**: خاڵـی گرنـگ ئەوەیـە، لـە کاتێکـدا ئـەوە شـتێکی ڕوونـە کـە پەیوەندیـی جیـاوازی و دژیەکـی هەیـە لەسـەر هـەردوو ئاسـتی فـۆرم و واتـادا (وەک ئـەوەی ئێسـتا بینیـمان)، لـە ڕێزمانـی ئەرکـی ڕێکخـراوی هاوچەرخـدا تـۆڕی سیستەمەکە چەنـد هەڵبژاردنێـک (بژاردەیـەک) لـە نێـوان واتاکانـدا دروست دەکات، هەروەهـا ئەمـەش ئـەو تـۆڕی سیسـتەمی بژاردانـەن لـە نێـوان تایبەتمەندییـە واتاییەکانـدا هـەن - بـە واتایەکـی تـر ‹واتـاکان› - بنەمـا و بنچینـەی بەرهەمهێنـی ڕێزمانێکـی ئەرکیـی ڕێکخـراون.

ئەنجامەکـە ئەوەیـە کـە جیـاوازی و دژیەکییـە تـەواو فەرمییـەکان لـە زمانـدا هیـچ ڕۆڵێـک ناگێـڕن لـەوەی کـە چـۆن زمـان کار دەکات بـۆ دروسـتکردنی ڕسـتەیەک.

هەرچەنـدە تۆڕەکانـی سیسـتەمی زمانـی ئینگلیـزی بابەتـی سـەرەکیی ئێمـە نییـن، بـەڵام زۆر سـەرەکی و گرنگـن بـۆ چۆنیەتیـی کارکردنـی ڕێزمانـی ئەرکیـی ڕێکخـراو، بـە

مەبەستی:

١. ڕوونکردنەوەی چەمکی تۆڕی سیستەم.

٢. خستنەڕووی نموونەیەکی بچووکی ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو.


٣. پیشاندانی ئەوەی کە چۆن چەندین جۆری جیاوازیی پێکهاتەی پارستە (کلۆز) بەرهەم دەهێنێت.

لە کۆتاییدا دەچینە سەر پەیوەندییە ئاسۆییەکان (سینتەگماتیک)، ئەوەی کە پێویستە لەم خاڵەدا بیڵێین دەربارەی ئەم پەیوەندییانە ئەوەیە کە دوو جۆری سەرەکیی پەیوەندیی زنجیرەیی بوونیان هەیە لە زماندا: پەیوەندییەکانی بەش- سەرجەم و پەیوەندییە زنجیرەییەکان، هەرچەندە، هەردووکیان پێویستن لە هەر کام لە دوو ئاستەکەی زمان، بەڵام پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی فۆرم زۆر ئاڵۆزترن.

بە بەکارهێنانی ئەم سێ جووت چەمکەی کە لێرەدا ناسێنراون، دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییە ئاسۆییەکان (سینتەگماتیکەکان) لەناو نموونەکانی زمان کە دەرکردە و بەرهەمی ڕێزمانن لەسەر ئاستی فۆرم. گرنگترن لە ئاستی ستوونی.

**٦-١ لە سۆسێرەوە بۆ ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو**

هێڵکاریی (٢) ئەم سێ جووت چەمکە پێکەوە لە سۆسێرەوە دەهێنێت لە چوارچێوەی نموونەیەکی پلان و پوختەی ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراودا. وەک دەیبینیت، شێوە گشتییەکەی وەکو پێشەکی و ناساندنێکی نموونەیی ‹هەر سیستەمێکی هێما و نیشانەکانە› کە لە هێڵکاریی ()٢دا کورت کراوەتەوە، بەڵام لە دۆخی ئێستادا، (١) نووسراوەکانی سەر خانە لاکێشەییەکان بەڕوونی وەسفی ناوەڕۆکی خانەکان دەکەن سەبارەت بە نموونەی ئەرکیی ڕێکخراو لە زماندا، و (٢) تیری زیاتر هەیە لەم هێڵکارییەدا بۆ پیشاندانی چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی ڕستەکان. وەک دەبینیت، ئەمە خەتێکی شێوە پیتی (زێدی- Z) ئینگلیزی لەخۆ دەگرێت بەناو چوار خانە لاکێشەییەکاندا (بە دوو ڕێگەی بەرەوپێش لە یاساکانی بەدیهاتن و پێزانینەوە، یەکێکیان بە دووبارە هاتنەناوەوە بۆ ناو تۆڕی سیستەمەکە بۆ دروستکردنی یەکەی نزمتر لە پێکهاتەکەدا).




(بڕوانە Fawcett, 2008, 40).

هێڵکاریی ژمارە (٣)

پێکهێنەرەکان و دەرکردە و بەرهەمەکانیان لە ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو

لەم خاڵەدا دەبێت ئێمە ئەم تێڕوانینەی زمان وەک یەک پارچە هەڵپەسێرین، هەرچەندە ئەمە ڕەنگە هێشتا زیاتر بە شتێکی تیۆری و نابەرجەستە دەربکەوێت. بۆ فراوانکردنی ڕوونکردنەوەکە پێویستمان بە پیشاندانی ڕێزمانی ئەرکیی ڕێکخراو هەیە بە بچووکی کە ئەم چەمکانە بە وێنە ڕوون بکاتەوە.

بۆیە هێڵکاریی (٣) نموونەی زمان کورت دەکاتەوە کە تێیدا ناوەڕۆکی ئەم بەشە ڕوون دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لێی تێ بگەین، وەک دەبینیت، پەیوەندیی نێوان (١) تۆڕەکانی سیستەم و ‹ بژاردەکانی نێوان واتاکان›، و (٢) پێکهاتەی پارستەکانی ئینگلیزی کە دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین بە درێژایی ئەم بەشە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دەربڕینەکانی تایبەتمەندییە واتاییەکانەوە دروست دەکرێن لە تۆڕی سیستەمەکە و یاساکانی بەدیهاتن و پێزانین.

**٧-١ وەڵامەکانی دوو پرسیارەکەی زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو**

ئەمە شوێنێکی باشە کە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەینەوە کە زۆربەی جار لە مێشکی ئەو کەسانەدا دروست دەبێت، کە بەردەوام کار لەسەر جۆرە

جیاوازەکانی تری ڕێزمان دەکەن، بە ڕێزمانی نەرینیشیەوە، پرسیارەکانیش ئەمانەن:

١. بۆچی زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو پێشینە دەدات بە پەیوەندییە گەردانییەکان بەسەر پەیوەندییە زنجیرەییەکان؟

٢. بۆچی زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو پێشینە دەدات بە پەیوەندییە گەردانییەکان لە نێوان واتاکان بەسەر پەیوەندییە گەردانییەکان لە نێوان فۆرمەکان؟

ئەمانە هەردووکیان پرسیاری گرنگن و لەبەر ئەوەی تێکهەڵکێشی یەکترن وەڵامەکەش لە یەک کاتدا وەڵامی هەردوو پرسیارەکە دەداتەوە، ئەو وەڵامەی کە من دەیدەمەوە دەشێت بۆ هەندێک کەسی ڕێکخراوخواز تێروانینێکی هزری دوولایەنی بێت، نەک بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری، بەڵام لە کرداردا ئەو هۆکارەیە کە دەبێتە بنەما و بنچینەی کارەکانی هەموو زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو.

هۆکاری ئەوەی کە بۆچی گرنگترین چەمکی زمانەوانیی ئەرکی ڕێکخراو بریتییە لە پەیوەندییە گەردانییەکان لە سەر ئاستی واتا - بە واتایەکی تر ‹بژاردەکان لە نێوان واتاکان›دا - ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی دەقێکی ڕستە ‹بەرهەمهێنەر›ی دەقەکە لەخۆ دەگرێت - جا مرۆڤ بێت یان پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری - لە دروستکرنی پلانی بڕیاردان، واتا بژاردەکان و ئەمەش جیاوازیی و دژیەکییەکان لەنێوان واتا جێگرەوەکاندا کە ئێمە دەبێت لەنێوانیاندا هەڵبژێرین - نەک جیاوازیی و دژیەکییەکان لە نێوان فۆرمە جێگرەوەکاندا - چونکە ئەوە واتاکانن کە گرنگن و جێگەی بایەخن لە دانانی پلانی خۆمان، نەک فۆرمەکان. جیاوازی و دژیەکییەکان لە نێوان فۆرمەکان تەنها بریتین لە بەدیهاتن و پێزانینی جیاوازی و دژیەکی لە نێوان واتاکاندا (هەرچەندە زۆربەی جار لە سەر بنەمای پەیوەندیی یەک بە یەک نییە).

بۆ نموونە: ئەگەر دوو بەرهەم لە هەمان ڕێزماندا جیاوازی لە ڕووی فۆرمەوە پیشان بدەن، بۆ نموونە: لە نێوان ئەم ژنە و ئەم ژنانە، گرنگیی جیاوازییەکە ئەوەیە کە فۆرمەکان لە ڕووی واتاوە جیاوازی و دژیەکی دەردەخەن، کە بکەرەکە ئاواتەخوازە دەریببڕێت بۆ گوێگر و وەرگرەکە، بە واتایەکی دیکە، جیاوازیی نێوان ‹تاک› و ‹کۆ› بە ڕەهایی جیاوازییە لە ڕووی واتاوە نەک لە ڕووی فۆرمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستە کە واتا پشت بە فۆرم دەبەستێت - بەو واتایەی کە ئێمە ناتوانین واتا دەربڕین ببێ بەکارهێنانی فۆرم. واتا و فۆرم لە زماندا پێناسەی یەکتری دەکەن.

بەراوردێک لەگەڵ ڕێزمانی سیدنی (هالیدەی: ١٩٩٤، ١٩) باسی ڕێزمانە ئەرکییەکەی دەکات، کە ‹ڕێزمانێکە بە ئاراستەی واتاسازی پاڵدراوە, بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و دەڵێت کە ڕێزمانی سیدنی ‹تا ڕادەیەکی دوور› بەو ئاراستەیەی بردووە، وێنە گشتییەکە کە لە پێشەکیی ڕێزمانی ئەرکیدا دەردەکەوێت ئەمەیە، هەرچەندە تۆڕەکانی سیستەمی تێپەڕێتی، دەمکات و ڕەگ و قەدی وشە، هتد... خراونەتە ڕوو، بە شێوەیەک کە وەسفی ئەوەیان پێ بکرێت، کە هالیدەی ناوی لێناوە ‹توانستی واتا›ی زمان، ئەو پێیوایە پێویستە کەمێک زیاتر پاڵبدرێن ئەگەر بنە پێکهێنەری تۆڕەکانی سیستەم لەسەر ئاستی واتاسازی، لە ڕێزمانی (کاردیفدا) پێمان وایە ئێستا ئەمەمان ئەنجام داوە - واتا تۆڕەکانی سیستەمی ‹توانستی واتا›مان تا ئەو ڕادەیە بردووە بەرەو واتاسازی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە خاڵێک ببن بە بەشێک لە واتاسازی. لەژێر ڕۆشنایی پێناسەی هالیدەی خۆی بۆ تۆڕەکانی (وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ دراوە)، ڕەنگە پێت وابێت کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەک کەمێک جیاوازی دروست ببێت لە نێوان دوو نموونەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، لە چەند شوێنێکی دیکەی نووسینەکانیدا هالیدەی بەڕوونی باس لەوە دەکات کە تۆڕەکانی سیستەمی تێپەڕێتی، دەمکات و ڕەگ و قەدی وشە تا ڕادەی واتاسازی نەڕۆیشتون، ئەمەش وا دەکات کە چینێک لە ‹توانستی واتا› پێک بهێنن، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، بکەونە چوارچێوەی هەمان ‹ئاست›ی دەرکردە و بەرهەمی وشە ڕێزمان - بەمەش، بەپێی هێڵکاریی (٣)، دەکەونە ئاستی فۆرم، لە لایەکی ترەوە، تۆڕەکانی خۆی بەڕوونی لە سەرووی ئاستی خودی فۆرمن - تەنها لەبەرئەوەی کە تازە تێبینیمان کرد،

هالیدەی خۆی دەڵێت کە ڕێزمانەکەی بەرەو واتاسازی هاتووە. (بڕوانە Halliday, 1994 ,20). بەو شێوەیە ئەو وێنەیەی کە خۆی بە ئێمەی داوە دەربارەی ئاستی تۆڕەکانی سیستەم بەو ڕادەیە ڕوون نییە، کە ژمارەیەک لە خوێنەرەکانی ئاواتی بۆ دەخوازن، لەڕاستیدا، نووسینەکانی لەسەر ئەم بابەتە لەمێژە کراوەن بۆ ئەم ڕەخنەیە، بۆ نموونە بوتلەر ئاماژە بەوە دەدات کە، سەبارەت بە پرسی ‹ پەیوەندیی نێوان ڕستەسازی و واتاسازی›، ... ‹ ئێمە چاومان بە لێدوان و ڕوونکردنەوەی سەرلێشێوێنەری یەک بەدوای یەک دەکەوێت›، لە کتێبەکەی هالیدەی بە ناونیشانی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی زمان (١٩٧٣) - و پاشان بەردەوام دەبێت بە تەرخانکردنی لاپەڕە و نیوێک بۆ هێنانەوەی نموونە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە. (بڕوانە Butler, 1985 ,79).

لەم ساڵانەی دواییدا، هەرچەندە بڵاوکراوەکانی هالیدەی بە ئاشکراو بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو بیروباوەڕەیان لەخۆ گرتووە کە پێویستییەک هەیە بۆ چینێکی باڵاتر لە تۆڕەکانی سیستەم - واتا ئاستێکی دیکەی ‹توانستی واتا›، لە سەرووی ‹توانستی واتا›ی تۆڕەکان بۆ تیپەڕێتی، دەمکات و ڕەگ و قەدی وشە هتد - و ئەمەش ئەو تۆڕەیە کە واتاسازی ‹ڕاستەقینە› پێک دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێی وایە کە ‹ لە بارودۆخی ئێستای زانیارییەکانمان هێشتا ناتوانین باس و وەسفی سیستەمی واتایی زمان بکەین› (Halliday, 1994, 20). ئەوە ڕاستییەکی سەرنجڕاکێشە کە (١) بەشەکانی تۆڕەکانی سیستەمی ‹واتایی› کە لە لایەن ئەو کەسانەوە کێشراوە کە ڕێزمانی سیدنی بەکار دەهێنن (بۆ نموونە حەسەن ١٩٩٢) بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەمان ڕادە فۆرم بەرهەم دەهێنن کە تۆڕی سیستەمی واتایی بەرهەمی دەهێنێت بۆ دەمکات (مود) لە ڕێزمانی کاردیفدا، و (٢) ئەوان فۆرمەکان بەرهەم دەهێنن سەرەتا بە ‹هەڵبژاردنی پێش وەختە›ی تایبەتمەندییەکان لە تۆڕی دەمکات لە وشەڕێزماندا و پاشان بە جێبەجێکردنی یاساکانی بەدیهێنان و پێزانین، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندییەکان لە تۆڕەکانی کاردیفدا ڕاستەخۆ لە فۆرمەکاندا بەدی دێن، لەڕێگەی یاسا ئاشکراکانی بەدیهێنان و پێزانین - ئەمەش پیشانی دەدات کە چینی ناوەڕاست پێویست و داواکراو نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرکاتێک تۆڕەکانی سیستەم ‹پاڵدەدرێن› تا دەگەنە ئاستی واتاسازی، وەک ئەوەی لە ڕێزمانی کاردیفدا هەیە، پێویست بە بوونی دوو چینی تۆڕەکانی سیستەمی ‹توانستی واتا› ناکات، وەک ئەوەی لەلایەن هالیدەیەوە پێشنیاز کراوە.

بۆیە ڕێزمانی کاردیف تەنها یەک چینی توانستی واتای لەو جۆرەی هەیە، لەکاتێکدا ڕێزمانی سیدنی دووی هەیە ( یان، زۆر بەوردی، دوو چینی توانستی واتای دەبێت، کاتێک سێتە تەواوەکانی تۆڕەکانی سیستەم بۆ ‹واتاسازی› نوێ بەرهەم دەهێنرێن).

بۆیە ئەم جیاوازییە لە ژمارەی چینەکانی تۆڕەکانی سیستەم بریتییە لە جیاوازییەکی ڕیشەیی و بنچینەیی لە نێوان ئەم دوو نموونەیە (مۆدێلە).

٢/ بۆچوونی هالیدەی لە ژێر ناونیشانی کەرەستە ڕێزمانییەکاندا (Grammatical Categories)

کە لە زمانی چینی شیکردنەوەی بۆ کرد، سەرەکیترین کەرەستە بریتییە لە (یەکە-unit – توخم-element، پۆل class–) بوو، کەدەبێ لەمیانەی پەیڕەو، و ڕۆنانەدا باس بکرێ. (بڕوانە: Kress,١٩٧٦: ٣٣ )

**٢-١ چەمکی پێوەر و کەرەستەکان**

لای هالیدەی چەمکی پێوەر و کەرەستەکان (scale and categories) بە دوو قوناغدا تێپەڕی، جیاوازیی قۆناغەکانیش خۆی لە گۆڕینی زاراوەکان و دواتر چەمکی زاراوەکان دەبینێتەوە، سەیری ئەو دوو هێلکارییەی خوارەوە بکە:




هێڵکاریی ژمارە (٤)

لـەو دوو مۆدەلـەی سـەرەوەدا تەنیـا گـۆڕان بـە سـەر چەمکـی ڕسـتەدا هاتـووە، تیایـدا هالیـدەی ویسـتوویەتی چەمکـی ڕسـتە فراوانـتر بـكات لـەوەی كـە ئـەو سـەردەمە بـاو بـووە (لـە شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوودا)، ئـەو هێلكارییـە لـە چوارچێـوەی پێوانـە و پۆلەكانـدا خرایـە ڕوو، كـە بـە مۆدەلـی ئاسـتی پێـوەرەكان(rank scales models) نـاو نـرا.

فاوسـێت یەكێكـە لـەو زمانەوانانـەی، هەنـدێ گۆڕانكارییـان بـە سـەر تیـۆرە ئەركییەكـەی (Halliday)یـدا هێنـاوە، بـەڵام هـەردەم ئـەو هالیـدەی و بۆچوونەكانـی ڕەت ناكاتـەوە، لەبـەر ئەوەشـە، كـەوا تیۆرەكـەی Fawcett بـە post (Halliday دوای هالیـدەی یـان دوای ڕێزمانـی ئەركـی post functional grammar نـاو دەبـرێ، فاوسـێت پێـی وایـە، كـەوا بـەر لـە بۆچوونەكانـی هالیـدەی لـە كۆتایـی شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوودا و سـەرەتای حەفتاكانـی ئـەو سـەدەیە سـەرقاڵی بۆچوونـە تەسـكەكانی بونیادگـەرەكان بـوو، سـەبارەت بـە لێكدانـەوەی زمـان، ئـەوەی لـەو سـەردەمە بـە شۆڕشـی چۆمسـكی دادەنـرا، فاوسـێت پێـی وایـە بـە شـێوەیەكی بەرچـاو لـە سـنوور شـكێنیدا هەرەسـی هێنـا، هالیـدەی گۆڕانكاریـی بنەڕەتـی سـەبارەت بـە بۆچوونـەكان سـەبارەت بـە زمـان هێنایـە كایـە.

(بڕوانە: Fawcett, 2008, 15)

**٢-٢ بۆچوونەكانی هالیدەی**

لێـرەدا بـە گرنگـی دەزانیـن بۆچوونەكانـی هالیـدەی لـە سـەرەتای حەفتـاكان بـە كورتـی بخەینـە ڕوو، كـە ئـەو بـە داهێنانەكانـی هالیـدەی دادەنـێ:

١. پێشـنیازی گەلـێ گۆڕانكاریـی كـرد، بـۆ گۆڕینـی تـەرازووی هێـز لەنێـوان تیورەكانـی زمـان و وەسـفی زمانەوانیـدا، بەهـۆی ئـەوەی كـە ڕۆڵێكـی سـەرەكی بەچەمكـی سیسـتەم بەخشـی، لـەوەی كـە (سیسـتەمی) بەرزكـردەوە بـۆ سـەرەوەی ڕۆنـان (structure)، لەپـاڵ مامەڵەكـردن لەگـەڵ پەیوەنـدی سـتوونی paradigmatic بـە شـێوەیەكی زۆر بنەڕەتیـتر لـە چـاو پەیوەندیـی ئاسـۆیی syntagmatic.

٢. دواتـر پێشـنیازی ئـەوەی كـرد، كـەوا تەونـی سیسـتەم سـەبارەت بەتێپـەڕ، ڕووكار، باسـكراو، ئەوانـەی لـەو جـۆرەن لـە شـێوەی هەڵبژاردەیـەك لـە نێـوان واتـا دەنوێنـێ لەبـری نوانـدن لـە نێـوان فۆرمەكانـدا.

٣. پێشـنیازی ئەوەشـی كـرد كـەوا پارسـتە clause هاوكاتـە لەگـەڵ كەتـواری ژمارەیـەك جیـاوازی لـە داوەكانـی واتـادا (یـان سـەرووی ئەركەكانەوە)یـە.

٤. هەروەهـا پێشـنیازی ئەوەشـی خسـتە ڕوو لـەوەی ئەگـەری ئـەوەی هەیـە كـە ڕۆژێـك دادێـت تەونەكانـی سیسـتەم دەكشـێت و فـراوان دەبێـت بـۆ پشـتی ڕۆنانـی ڕێزمـان و وشـەكانەوە، بـۆ ئـەوەی مۆدەلێـك بـۆ هەمـوو یەكـە زمانییـەكان(lexis) بونیـاد بنـێ، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ڕێزمانـی یەكـە فەرهەنگییـەكان (lexico-grammar) یـەك بگرێتـەوە.

٥. هەروەهـا ئەوەشـی سـەلماند، كـەوا هەنـدێ ئامـاژەی وەسـفێكی پراوپـڕی خسـتنە بەردەسـت، لـەوەی ئـاوازە intonation یـش دەتوانـێ، و پێویسـتە لەگـەڵ ڕێزمانـی یەكـە فەرهەنگییـەكان لـە زمانـدا لەبـەر چـاو بگیرێـت. (بڕوانـە، Halliday, 1961, 332).

ئـەو پێنـج خاڵـەی سـەرەوە كـە فاوسـێت بەداهێنانـی دادەنێـت، لـە لایـەن هالیدەیـەوە خراوەتـە ڕوو، بـەڵام لـە قۆناغەكانـی دوای حەفتـاكان تاكـو ئـەم سـەدەیە، گەلێـگ گۆڕانكاریـی هێنایـە كایـەوە، كـە دەكرێـت وەكـو ڕوانگەیەكـی تایبـەت بـە زمـان سـەیر بكرێـت هالیـدەی پێـی وایـە ئێمـە زمـان بـۆ ئـەوە بـەكار دێنیـن بـۆ ئـەوەی لـە ئەزموونەكانـی خۆمـان بگەیـن و بەریەكەوتنەكانمـان لەگەڵیانـدا جێبەجـێ بكەیـن، هەروەهـا تێكەڵبـوون بـە كەسـانی تـر و وەرگرتنـی ئەزموونەكانیـان، بـەو پێیـە دەبـێ ڕێزمـان بكەوێتـە ژێركاریگەریـی ئـەوەی دەكەوێتـە دەرەوەی زمانـەوە، هەروەهـا ئـەو ڕەوت و بارودۆخـەی جیهـان و لەگـەڵ كـردە كۆمەڵایەتییەكانـدا كـە ئێمـە لـە نێویـدا بەشـێكین، بـەڵام ئەمانـە لەژێـر مەرجـی ئـەوەی كـە ئەزموونـەكان دەبـێ ڕێـك بخرێـن و لێكدانەوەیـان بـۆ بكرێـت، كـە بتوانیـن بیانكەیـن بـە وشـە، یـان دایانبڕێژیـن سـەبارەت بـەو هێلكارییـەی ژمـارە (٤) كـە پێشـتر خسـتمانە ڕوو، لەبـارەی بەمـۆدی كـۆن و نوێیەكـەی هالیـدەی ئـەوەی

بەرچــاوە زیاتــر گۆڕینــی ڕســتە (sentence) بــۆ (complex clause) پارســتەی ئاڵــۆزە. (بڕوانــە: Caffarel, 2006, 9)

**٣-٢ سەبارەت بە ڕستەی ڕێکخراو**

ڕێکخــراو (هەندێــک پێشــنیاز بــۆ ڕستەســازی سیســتەمی) کــە لــە لایــەن فاوســێتەوە خرایــە ڕوو، تیایــدا دەڵــێ: دۆخــی زمانەوانیــی ئەرکیــی سیســتەمی لەکاتــی (هەندێــک پێشــنیاز)ی (فاوســێت، ١٩٧٤، ٦) خراوەتــە ڕوو.

وەک لـە بەراوردەکانـی یەکـەم بڵاوکردنەوەیـدا نیشانی دەدات، ئـەو توێژینــەوە ســێ بەشــەی کــە لەلایــەن فاوسێتەوە بڕیــارە لێــرەدا پێداچوونــەوەی بــۆ بکرێــت، بــۆ یەکەمجــار نزیکــەی پانــزە ســاڵ دوای (کەتیگۆرییــەکان) دەرکــەوت، و دواتــر بــە شـێوەیەکی نافەرمـی لـە چاپێکـی پوختـدا پێداچوونـەوەی بـۆ کـرا و لـە سـاڵی ١٩٨١دا بـڵاو کرایـەوە. تـا ناوەڕاسـتی حەفتـاکان کۆمەڵــە چەمکــە نوێیەکانــی پەیوەســت بــە ڕێزمانــی ئەرکیــی سیســتەمی دەســتیان کــرد، بــەوەی کــە هەســت بــە خۆیــان بکــەن، بــەڵام چەمکــە ڕەســەنەکان کــە لــە (کەتیگۆرییــەکان) دا خراونەتـە ڕوو، هێشـتا بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە نێـوان زمانەوانـە ئەرکییـە سیستەمیەکان وەرگیـراون (هــەروەک چــۆن ئێمـە خۆمـان دەسـتمان کـرد بـە ناونانـی) وەک بـە تـەواوی پەیوەنـدی بـە وەسـفکردنی ئاسـتی ڕستەسـازی یـان (ڕێزمـان) ەوە هەیــە، وەک هالیــدەی پێــی دەڵێــت. مــن بانگەشــەی ئــەوە دەکــەم کــە (هەندێــک پێشــنیاز) پێگــەی ڕستەســازی لــە مۆدێلەکــەدا ڕەنــگ دەداتــەوە ئەوەنــدەی هالیــدەی دەیخاتــە ڕوو (بڕوانــە Fawcett, 2000 ,159 ).

لــە هەندێــک پێشــنیازدا بــە ژێرنووســی ڕێبازێکــی یاخیگەرانــە لــە ڕێزمانــی پێــوەر و ژێرنووســێک کــە دەبێــت دان بـــەوەدا بنێیـــن، کەمێـــک وروژێنـــەر بـــوو. بـــەڵام ئـــەوەی کــرا بــۆ ئــەو کاتــە و ئێســتاش هۆکارێکــی بــاش بــوو، واتــە ژمارەیــەك لەوانــەی کــە لــە (SFL) کاریــان دەکــرد، پێدەچــوو ســەیری (کەتیگۆرییــەکان) بکــەن وەک کۆمەڵێــک چەمــک کــە دەســەڵاتیان ناچێتــە خــوارەوە زۆر کەمــترە لــەوەی کــە مووســا لــە چیــای ســینا هێنایــە خــوارەوە. و لەگــەڵ ئەوەشــدا پرسیاری جـددی هەبـوون، کـە پێویسـت بـوو بکرێـن (هەمـان سـەرچاوە، ١٦٠).

بــۆ نموونــە ئەگــەر مانــای زاراوەی (سیســتەم) بگۆڕابــا بــە هەڵبژاردنــی نێــوان واتــاکان نــەک فۆرمــەکان، ئــەوە چەمکــی (کلاس)ی لــە کــوێ بەجــێ دەهێشــت؟ لــە دوای هەمــوو ئەمانــەش (کلاس) زاراوەیــەک بــوو، کــە لــە (پۆلــەکان)دا، وەک (سیســتەم) وەک پەیوەندییەکــی پارادیگماتیــک پەیوەندیــی ســتوونی لێکدرابــووەوە، بــە جۆرێــک کــە کەســێک ڕەنگــە (سیســتەمەکان)بە (پۆلــەکان) دابنێــت. کەواتــە واتــای چــی بــوو، لــە مۆدێلێکــدا کــە تۆڕەکانــی سیســتەم تێیــدا واتــادار بــوون، بڵێیــن گروپێکــی نــاوی (کلاســێکی گــروپ) بــوو؟ بــەو پێیــەی چەمکــی (گروپــی نــاوی) بــۆ ئاماژەکــردن بــە یەکەیەکـی ڕستەسـازی بـەکار هاتـووە، بـە دڵنیاییـەوە سـەر بـە ئاسـتی فـۆرم بـووە نـەک واتـا کەواتـە ئێسـتا چەمکـی (کلاس) ســەر بــە چ ئاســتێکی زمــان بــووە؟ لەڕاســتیدا، ئایــا هیــچ کام لــە چــوار پۆلــە ڕەســەنەکە وەک چەمکێــک ماوەتــەوە تــا بتوانرێـت بـۆ ئەرکـی مۆدێلکردنـی ئـەو شـتە بـەکار بهێنرێـت و پێــی بڵێیــن (فۆرمــی پــاک و بێگــەرد) ماونەتــەوە.


بـە واتایەکـی تـر، کـە بەرزکردنـەوەی چەمکـی (سیسـتەم) بـۆ ئاسـتی واتـا، بـەو واتایـە بـوو، کـە پێویسـتی بـە دووبـارە لێکۆڵینـەوە لـە تـەواوی چوارچێـوەی وەسـفکردنی زمـان هەیـە. ســەرەڕای ئــەوە، ئەگــەر ئێمــە چەمکەکانــی وەک (کلاســی یەکە)مـان لـە ئاسـتی فۆرمـدا هێشـت بایـەوە، پێویسـتمان بـە زاراوەی نـوێ دەبـوو، بـۆ چەمکـی هاوتـا لـە ئاسـتی واتـادا.

ئێمــە لێــرەدا نامانــەوێ نــە بەراوردێــك لەنێــوان بۆچوونەکانــی هالیــدەی و فاوســێت بکەیــن، نــە زۆر بــەوردی بچینــە نــاو شــیکردنەوە و لێکدانەوەکانــی هالیــدەی، لــەو شــوێنانەی کــە شــیکردنەوە بــۆ بۆچوونەکانــی هالیــدەی دەکەیــن زیاتــر بــۆ ڕوونکردنــەوەی بۆچوونــە تازەکانــی فاوســێتە.

لــە کۆتایــی شەســتەکانی ســەدەی ڕابــردوو و ســەرەتای حەفتاکانــی ســەدەی ڕابــردوودا کۆمەڵێــک کتێبــی وانەیــی هەبــوون کــە وەک پێشــەکییەک بــۆ ڕستەســازی sclaes and category بەڵکــو زیاتــر وەکــو لــە ســاڵانی نەوەدەکانــدا ڕیزبەندیــی دووەمــی ڕێزمانــی ناســاندن و پێشــەکی بــوو بــۆ تیۆرەکــە، ئەمجارەیــان لەســەر بنەمــای (IFG) ی هالیــدەی. هــەر یەکێــک لــەو کتێبــە ســەرەتاییانە خاڵــە بەهێــزی

خۆیـان هەبـوو، بـەڵام دوویـان بەهـۆی دیـدگای ڕوونیـان بـۆ مۆدێلێکـی زمـان کـە تێیـدا پێکهاتەیـەک سیسـتەمی بـوو و تۆڕەکانـی سیسـتەمی پێشـکەش دەکـرد کـە (توانسـتی واتـا)ی زمانەکـە پێـک دەهێنـن، و پێکهاتەیەکـی دیکـە کـە بـۆ پێکهاتـەکان دابیـن کـراوە — بـە بەکارهێنانـی چەمکـە ئاشـناکانی پێـوەر و پـۆل (بـە کەمکردنـەوەی (سیسـتەم)). یەکەمیـان کتێبـی خوێندنـی دوو بەشـی مویـر بـوو، بەشـێکیان لەسـەر پێکهاتـەکان و بەشـێکیان لەسـەر سیسـتەمەکان بـوو، ئـەوی دیکەیـان بەرهەمـی دوو بـەرگ بـوو کـە بـوو بـە پێشـەکییەکی سـتاندارد بـۆ تیۆرییەکـە (بێـری ١٩٧٥ و ١٩٧٧). بێـری (١٩٧٧) بـە تایبەتـی جێگـەی سـەرنجە، لـە کتێبێکـدا کـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئـەوە داڕێژرابـوو کـە خوێنەرانـی بتوانـن شـیکاری دەقـەکان بکـەن، هێڵکارییەکـە بـۆ ئـەوەی کـە چـۆن ڤێرژنـی دروسـتکەری/وەبەرهێنی مۆدێلەکـە کار دەکات، بـەڵام خاڵـە سـەرەکییەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـە لـە هـەردوو کتێبـی مویـر و کتێبەکانـی بێـری وێنـەی ڕستەسـازی کـە پێشـکەش کـرا وێنـەی (پۆلـەکان) بـوو، وەک تـا ئێسـتا ڕوون دەبێتـەوە، بۆچوونـی مـن لـەو کاتـەدا ئـەوە بـوو، کـە بەرزکردنـەوەی چەمکـی (سیسـتەم) بـۆ واتاسـازی گۆڕانکارییەکـی هێنـدە شۆڕشـگێڕی بـوو کـە دەبـێ چـاوەڕوان بکرێـت کاریگـەری لەسـەر هەمـوو بەشـێکی تیۆرەکـە هەبێـت. بـە جۆرێـک بەهێزتریـن پشـتگیری بـۆ ئـەم هەڵوێسـتە ئـەو کاتـە بـوو، کـە هالیـدەی شـێوازێکی تـەواو نوێـی بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی پێکهاتـەی کلـۆزەکان خسـتە ڕوو. دەتوانیـت ئـەم جیاوازییـە زۆر بـە ڕوونـی ببینیـت. ئەگـەر ڕۆنانـی ئـەو وێنەیـە بـەراورد بکەیـن.

بڕوانە( Fawcett, 2000,160)




(بڕوانە: Huddleston 1965, 8)

هێڵکاریی ژمارە (٥)

نواندن پاڕستە لەسەر شێوازی کەتیگۆرییەکان

فاوسـێت دەڵـێ: دەبووایـە لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا لـە لایـەن دوو زمانناسـیی بـاڵای سیستەمی ئـەو کاتـەوە (هەرچەنـدە لـە لایـەن خـودی هالیدەیـەوە نەبـوو) ئامۆژگاریـم بکرایـە بـۆ ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە (هەندێـک پرۆپـەوزەل)دا فاوسـێت پێشـنیازی کردبـوو، پێشـنیازەکانی بـۆ ڕستەسـازی بـوون، کـە نواندنـەکان زیاترلـە نواندنـی مۆدێلـی پێـوەر و پـۆل دەچـن نـەک پێشـنیازەکانی نواندنـی پێکهاتـە کـە هالیـدەی خـۆی لـە مـاوەی کۆتایـی شەسـتەکاندا و سـەرەتای حەفتـاکان پـەرەی پـێ داوە. لـەم ماوەیـەدا نواندنەکانـی خـۆی لـە پێکهاتـەی مۆدێلەکـە دوور خسـتەوە، کـە لـە (پۆلـەکان)دا خراوەتـە ڕوو (کـە تێیـدا کەرەسـتە سـەرەکییەکانی کلۆزبریتـی بـوون لـە (بـاس)، (پێشـبینیکەر)، (تەواوکـەر) و (هاوەڵـکار) بـۆ ئـەو پێکهاتـە فرەییانـەی کـە لـە (IFG) و بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە شـوێنەکانی تـردا بـەکار دەهێنرێـن، کـە تێیـدا شـیکارییەک لـە ڕووی ئـەم جـۆرە کەرەسـتانەوە ڕۆڵێکـی کـەم یـان هیـچ ڕۆڵێکـی نییـە.

١. ئێمە زاراوەی دەستەبەند لەبری (گروپ) بەکاردێنیین.

ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە هالیـدەی کردوویەتـی زۆر گەورەتـر بـوون لـەو گۆڕانکارییانـەی کـە فاوسـێت لـە (هەندێـک پرۆپـەوزەل)دا پێشـنیازی دەکـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێدەچـوو هەڵوێسـتە ڕەخنەگرەکانـی لـەو کاتـەدا ئـەوە بووبێـت کـە نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەک پێشـنیازی هیـچ گۆڕانکارییـەک بکرێـت بـۆ (پۆلـەکان)! ڕاسـتییەکە ئەوەیـە کـە هەرچەنـدە گۆڕانکارییەکانـی هالیـدەی لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا بـە باشـی لـە ئـارادا بـوون، بـەڵام پێدەچێـت ڕۆڵـی سـەرەکیی (پۆلـەکان) وەک بەڵگەنامـەی دامەزرێنـەری تیـۆری نـوێ، بـۆ زۆر کـەس لـە دەرەوەی ڕەخنـە دانابێـت. کەواتـە بەگشـتی فاوسـێت پێـی وایـە وەڵامـی ڕەخنەگرانـە نیشـان دەدات کـە بەکارهێنانـی دەمارگرتنـی دانپێدانـراوی زاراوەی (یاخیگەرانـە) لـە ژێرنووسـی هەندێـک پێشـنیاز و پرۆپەوزەلـدا ڕەوا بـووە.

بـەڵام (هەندێـک لـە پێشـنیاز و پرۆپەوزەلـەکان) بەڕاسـتی ئەوەنـدە شـۆڕش ئامێـز نەبـوون کـە ڕەخنەگرانـی هەسـتیان پـێ دەکـرد. بـە سـوودی بیسـت و پێنـج سـاڵی دیکـە لـە پاشەکشـە، ئێسـتا وای دەبینـێ کـە دوور لـە زۆر ڕەخنەگرتـن لـە (پۆلـەکان) هەندێـک لـە پێشـنیازەکانی پێشـنیازکردنی گۆڕانکاریـدا ئەوەنـدە نەڕۆیشـت کـە پێویسـت بـوو، وەک لـە کاتـی خۆیـدا دەبینیـن.

(بڕوانە: Fawcett, 2000 ,160)

**٣/ پێشنیاز بۆ هەندێ لە گریمانەکان**

ئـەوەی لـە بۆچوونەکانـی فاوسـێت تێبینـی دەکرێـت، سـەرەتا لەبـەر ئـەوەی بۆچوونەکانـی هالیـدەی بـە جۆرێـك دەسـتی بەسـەر شـیکردنەوە و وەسـفکردنەکانی زمانەوانیـدا گرتبـوو، بەتایبەتـی لایەنـی لێکدانـەوە ئەرکییـەکان، کـە بەرامبـەر بۆچوونـە بەرهەمهێنەرەکانـی چۆمسـکی سـەریهەڵدا، بۆیـە فاوسـێت زۆربـەی بۆچوونەکانـی لـە چوارچێـوەی پێشـنیاز دەخاتـە ڕوو.

**١-٣ ئامانجی هەندێک پێشنیاز**

ئامانجـی (هەندێـک لـە پێشـنیازەکان) پێشکەشـکردنی ئـەو کۆمەڵـە پێداچوونەوەیـە بـوو، بـە چەمکەکانـی (پۆلـەکان) کـە فاوسـێت لـەو کاتـەدا لـە سـالی (١٩٧٤) بـە پێویسـتی زانـی، بـۆ ئـەوەی (ڕستەسـازییەکی سیسـتەمی) پێـک بهێنێـت کـە تەواوکـەری پێشـنیازی شۆڕشـەکەی هالیـدەی بێـت کـە تۆڕەکانـی سیسـتەمی (تێپـەڕی، ڕێـژەی کار، بـاس) دەبـێ وەک هەڵبژاردنـی نێـوان واتـاکان سـەیر بکرێـن.

Butler لـە میانـەی شـیکردنەوەکانی بـۆ بۆچوونەکانـی هالیـدەی، پێیوایـە، گـەر بتـەوێ لـە سـەرەتای دیـد و بۆچوونـە گشـتییەکانی هالیـدەی بگەیـت، سـەبارەت بـە تیـۆرە زمانییـەکان، دەبـێ بـۆ سـاڵی (١٩٦١) بگەڕێیتـەوە، لـە باسـە چەنـد لاپەڕییەکـەی بـڵاوی کـردەوە، کـە تیایـدا چـوار پـۆل (کەرەسـتە)ی ڕێزمانـی grammatical categories دەخاتـە ڕوو، (یەکـە - unit، ڕۆنـان – structure، پـۆل – class و پەیـڕەو- system، هەروەهـا سـێ پێوانـە/ پێـوەر scales، کـە بریتیـن لـە (چیـن – rank، بنـچ – exponence، وردەکاری – delicacy). سـەبارەت بـە پۆلـی یەکـە، پێشـتر لـە باسـێکی تـردا (سـاڵی ١٩٥٦ خستیە ڕوو)، کـە تیایـدا پۆلـی یەکـە فەرهەنگییـەکان، کـە لەگـەڵ مـاددە زمانییـەکان دەگونجـێ، ئـەو مـاددە زمانییـەی، کـە لـە دەسـتەواژەکاندا دەردەکـەون.

(بڕوانە Halliday,1961,58) .

پێشـنیازی هەنـدێ یەکـەی زمانـی دەکات وەکـو: (ڕسـتە، پاڕسـتە، دەسـتەبەند، وشـە، مۆرفیـم). دواتـر ڕسـتەکە وەکـو یەکەیەکـی ڕێنـووس یـان نووسـین خسـتە ڕوو، وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان پـێ دا. گۆڕییـەوە بـە پاڕسـتەی ئاڵـۆز.

نوێتریـن پێشـنیازەکانی هالیـدە ئـەوە ڕوون دەکەنـەوە کـە تۆڕەکانـی پێکهاتـە ئەرکییـەکان دەبـێ وەک واتـادار سـەیر بکرێـن، بـەڵام بیرۆکەیەکـی زۆر کەمـمان پـێ دەدرێـت کـە ئێسـتا فەرهەنگـی ڕێزمـان [واتـە ئاسـتی فـۆرم] دەبـێ لـە چـی پێـک بێـت؟ (بڕوانـە (Butler, 1985, 94).

هەندێـک لـە پێشـنیازەکان یەکـەم هـەوڵ بـوو، بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەم بۆشـاییە، و ڕەنگـە لـە ڕێگـەی پوختـە پەسـەندکراوەکانی ناوەڕۆکەکەیـەوە کـە بوتلـەر بەگشـتی پەسـەندی کردبـوو گەیشـتبێتە بەرفراوانتریـن خوێنـەری خـۆی سـەرەتا لـە بوتلـەر (١٩٧٩)، و پاشـان لـە بوتلـەر (١٩٨٥:٩٤-١٠٢). ئـەو خاڵـە سـەرەکییە دەخاتـە ڕوو، کاتێـک دەڵێـت ڕێبـازی [فاوسـێت] بـۆ ناسـینەوەی پۆلـە ڕستەسـازییەکان

بــە پابەندبوونــی بــە ناوەندییەتــی واتاســازیی دیکــەوە دەکرێــت (هەمــان ســەرچاوە). کەواتــە لــەم ڕێبــازەدا بەشــێکی گــەورەی وەســفکردنی دەقێــک، دەبــێ لــە ڕووی ئــەو تایبەتمەندییــە واتاســازییانەی کــە لــە دروســتکردنیدا هەڵبژێـردراون، بـەڵام پاڵنەرێکـی دووەم هەبـوو. ئەمـەش ئـەوە بـوو، کـە هەوڵـەکان بـۆ بەکارهێنانـی پۆلەکانـی هالیـدەی لـە شـیکاری دەقـدا لـە ئاسـتی فۆرمـدا وای لـە فاوسـێت کـرد، کـە بـە کۆمەڵێـک شـێوە دەسـتکاریی وەسـفەکەی بـکات و بـەم شـێوەیە لـە کاتـی خۆیـدا بیـر لـە دەرئەنجامەکانـی ئـەم گۆڕانکارییـە وەسـفکەرانە بکاتـەوە و بـۆ تیۆرەکـە لەسـەرووی ئـەو وەسـفەی کـە دانرابـوو. بڕوانـە (Halliday, 1956, 36).

ئــەم وشــانەی خــوارەوە کلیلــی تێگەیشــتن لــە پاڵنــەرە ســەرەتاییەکانی فاوســێت بــۆ پەرەپێدانــی چوارچێوەیــەک بــۆ نواندنەکانــی پێکهاتــە دابیــن بکــەن - چوارچێوەیــەک کــە زۆر جیـاواز بـوو لـە مۆدێلـی (فـرە پێکهاتەیـی) کـە هالیـدەی لـە نزیکـەی هەمـان کاتـدا پـەرەی پـێ دەدا.

پۆلــە ڕستەســازییەکان ئەوانــەن، کــە پێویســتن بــۆ خســتنەڕووی یاســاکانی تێگەیشــتن کــە لــە بــژاردەکان لــە واتاســازیدا وشــەکاندا بــە شــێوەیەکی ئابووریتریــن شــێوە دەرئەبــڕن

(بڕوانە 5-_4 , Fawcett, 1974)

دوای زیاتـر لـە بیسـت و پێنـج سـاڵ، تیۆرەکانـی فاوسـێت لــە ڕستەســازی و وەســفکردنی ڕستەســازیی ئینگلیــزی لــە ئەنجامــدا هەردووکیــان بــە شــێوازی جۆراوجــۆر گەشــەیان کــردووە، بــەڵام ئــەو وشــانە هێشــتا بــە تــەواوی ئــەو شــتانە دەردەبڕن کـە فاوسـێت ئـارەزووی دەکات لەسـەر ئـەم بابەتـە بـدوێ. لەبـەر ئەوەیـە کـە لـە ڕێبـازی فاوسـێت وەسـفکردنی پێکهاتـەی ئەرکیـی بـە پێویسـت دەزانرێـت تـەواو بکرێـت بـە وەسـفێک لـە ڕووی واتاسـازییەکی ئەرکییـەوە کـە ڕستەسـازی دەتوانێــت و دەبــێ کەمــتر (زیادەڕۆیــی) تێــدا بێت(بڕوانــە Halliday, 1994,xix)، وەک لــەوەی لــە (IFG) هالیدەیــدا هەیـە .جگـە لـەوەش، فاوسـێت دەڵـێ:

لـەم کاتـەی نێوانمانـدا بـۆم دەرکەوتـووە کـە ئـەم بنەمـا گشـتییە بـە هەمـان شـێوە بـۆ ئـەو ڤێرژنـەی ڕێزمـان کـە بـۆ مۆدێلــی کۆمپیوتــەری نەوەی/دروســتکردنی زمانــی سروشــتی بـەکار دەهێنرێـت، بـە هەمـان شـێوە بـۆ ئـەو ڤێرژنـەی کـە بـۆ شـێوازی دەق بـەکار دەهێنرێـت. واتـای ڕوونـی هەمـووی ئــەم کارە ئەوەیــە کــە ناتوانیــن وەســفێکی تــەواو بــۆ دەقێــک پێشــکەش بکەیــن بەبــێ ئــەوەی هــەم شــیکارییەک بــۆ ڕستەســازیی ئەرکــی و هــەم باســێک لــە تایبەتمەندییــە واتاســازییەکان کــە لــە دروســت کردنیــدا هەڵبژێــردراون پێشــکەش بکەیــن.

ئـەوەی لـەم بابەتـە مـاوە چەمکـە سـەرەکییەکانی (هەندێـک پێشـنیاز) دەناسـێنێت. ئەمـەش تەنهـا زۆر بـە کورتـی ئەنجـام دەدرێـت، چونکـە زۆربەیـان دووبـارە دەردەکەونـەوە.

هەندێــک پێشــنیاز، وەک وەســفێکی کورتــی ڕێزمانــی ئینگلیـزی نـووسراوە، و بـە پوختەیەکـی ئـەو تیۆرییـە کۆتایـی پێدەهێنێــت کــە پێشــتر گریمانــە کــراوە. بۆیــە پێکهاتــەی توێژینەوەکــە ڕەنگدانــەوەی ئــەو بۆچوونەیــە، کــە دەڵێــت دەبێــت تیۆرەکــە لــە وەســفکردنەوە گەشــە بــکات - یــان وردتـر بڵێیـن لـە ئەنجامـی هەوڵـی بەکارهێنانـی چەمکەکانـی تیۆرێکـی پێشـووتر (لێـرەدا (پۆلـەکان)) لـە وەسـفدا. بـە بـڕوای فاوسـێت، ئــەم تێکەڵکردنــی تیــۆری و وەســفکردنە یەکێکــە لــە ڕێــگا کاریگــەرەکان بــۆ باشــترکردنی تیــۆری هەرکەســێک دێتەکایـە- هەروەهـا لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی کۆکراوەکانـەوە پێشـنیاز کـراوە، جێبەجێکردنـی بـە کۆمپیوتـەری قەبـارە گـەورە. (هەروەهــا ســەیری بــاس و گفتوگــۆی پەیوەندییەکانــی نێــوان تیــۆری، وەســف و بەکارهێنــان بکــە لــە هالیــدە و فاوســت ١٩٨٧ ب). فاوســێت دەڵــێ: " ئــەوە زۆر ڕوونــە، و گەلــێ گرنگـە، ئـەوە ڕوون بکرێتـەوە، کـە مهبەسـت لـە دەربـڕاوی، ڕێزمانــی ئەرکیــی سیســتەماتیکی لــە مۆدەلێکــی گــەورەی پێوانەییــدا: a modern large – scale systemic Functional grammar، کــە دەکــرێ بــە پێوانەیەکــی فراوانــی نــوێ بــۆ ڕێزمانــی ئەرکیــی سیســتەمی کــورت بکرێتــەوە، یــان نــاوی لــێ بــنرێ، کــە فاوســێت ئاســایی ئامــاژە بــە دوای ئـەو مۆدەلـەش دەدات، لێـرەدا پرسـیارێك دێتـە پێشـەوە ئایـا مەبەســت لــەو ڕێزمانــە چییــە کــە ببێتــە خــاوەن ئــەرك و سیســتەم؟" (بڕوانــە Fawcett, 2000, 4).

هــەر لــەو چوارچێوەیــەدا بەپێــی بۆچوونــی زمانەوانــەکان، شــتێکی نالۆجیکیــە کــە جیــاوازی لــە نێــوان ســینتاکس و

مۆرفۆلۆجــی بکرێــت بەتایبەتــی لــەو زمانانــەی کــە لــە پۆلــی زمانــە نووســاوەکانن agglutinating language وەکــو زمانــی یابانــی، ســەواحیلی... تــد وەکــو ئــەو جیاکردنــەوەی لــە زمانــی ئینگلیزیــدا دەکــرێ. دەکــرێ تاوتوێــی ئــەوە بکرێــت کــەوا هەنــدێ لــەو مۆرفیمانــەی ڕووداوەکان دەنوێنــن، پەیوەندیــی ڕاســتەوخۆی بــە واتــای ئەرکــی توخمەکانــی نــاو پارســتەکەوە هەبــێ.

دەبێــت بــە پەیوەســتکردنی مۆدێلــی ڕستەســازی بــە مۆدێلــی زمــان بەگشــتی دەســت پــێ بکەیــن. لەنــاو مۆدێلێکــی لــەو جــۆرەدا. (هەندێــک لــە پرۆپەوزەلــەکان) ڕستەســازی وەک یەکێــک لــە ســێ ڕێگــە دەبینێــت کــە واتــاکان وەک فــۆرم بــەدی دەهێنرێــن و دەنوێنرێــن - جۆرەکانــی تــری (فــۆرم) بریتیــن لــە بابەتــەکان و ئــاواز/punctuation خاڵبەنــدی (بەپێــی چەناڵــی گوتــار).

**٣-٢ پۆلەکانی (هەندێک پێشنیاز)**

(هەندێــک پێشــنیاز) داندەنێــت بــە ژمارەیــەک یەکــە (بــە وردی بــە هەمــان واتــای (یەکــە) وەک لــە (پۆلــەکان). ئــەم یەکانــە لەســەر (پێوەرێکــی پلــە) پەیوەندییــان بــە یەکــەوە هەیــە، و بــۆ ئینگلیــزی بریتیــن لــە: کلــۆز، گــروپ و کۆمەڵــی هاوشــێوە. یەکــەی (کۆمەڵــی هاوشــێوە) یەکەیەکــی نوێیــە کــە لەســەر (پێــوەری پلــە) کەمــترە لــە گروپەکــە، بــۆ نموونــە لــە خــوارەوە ســەیری بکــە. (چەمکــی (یەکــە) کــە یەکــتر پێناســە دەکات لەگــەڵ (پێــوەری پلــە)، لــە چوارچێــوەی پێشــنیازکراودا. بــەکار نەهێــنراوە).

دەبــێ ئامــاژە بــەوە بکرێــت کــەوا هالیــدەی، کــە ڕســتەی گــۆڕی بــۆ پارســتەی ئاڵــۆز مەبەســتی زیاتــر ئەوەبــوو کــە یەکــە ڕێزمانییــەکان لــە تابلۆکانــی نووســین جیــا بکاتــەوە، ڕستەشــی بــە یەکەیەکــی نووســین دادەنــا، یەکــەکان بەپێــی پێــوەری چینییــەکان scale Rank بــە شــێوەیەکی قوچەکــی hierar chically ڕێــك دەخــراوە، وەکــو ئــەوەی کــە یەکەیــەك لــە چینێکــی دیاریکــراودا لەوانەیــە لــە یەکەیــەك یــان زیاتــر ببێکــێ، ئــەو تیــۆرەی پشــت بــە چینــەکان دەبەســتێ، تیۆرێــك بــوو هالیــدەی پارێــزگاری لــێ دەکــرد، هــەر کەرەســتەیەك بەپێــی هەمــوو چینــەکان بــە هەنــد هەڵدەگیــرا. بــەو پێیــە وەکــو ئــەوەی کەرەســتەیەك لــە یــەك مۆرفیــم پێــك هــات، وەکــو ڕســتە مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکــرێ، ڕســتەیەك یــەك مەرجــی تێدایــە، لــە یــەك فرەیــز پێــك دێ ئــەو فرەیــزە لــە یــەك وشــە پێــك دێ و وشــەکەش لــە یــەك مۆرفیــم.

(بڕوانە 17, 1985, Butler).

بۆ نموونە/

- **ئایــا تیپەکــە ســەر کــەوت؟ بەڵــێ ـــــ یــەك وشــە، یــەك مۆرفیــم، یــەك فرەیــز، یــەك ڕســتە.**

(هەندێــک پێشــنیاز) چەمکــی پۆلــی یەکــە بــە شــێوەیەک بــەکار دەهێنێــت هاوشــێوەی بەکارهێنانــی (پۆلــەکان). چەمکــی (کلاســی یەکــە) بــە (یەکــە) دەبەســتێتەوە لــە بنەڕەتــدا وەک لــە (پۆلــەکان) دا، تەنهــا ئــەوە نەبێــت کــە پێوەرەکانــی ناســاندنی پۆلێکــی دیاریکــراوی یەکــە کەرەســەکانی پێکهاتــەی ناوخۆیــی ئــەون، نــەک توانــای کارکردنــی لــە یەکــەی ســەرەوەدا، وەک لــە (پۆلــەکان) دا. (بــۆ گفتوگــۆی تــەواو لــە پێوەرەکانــی ناســاندنی پۆلەکانــی یەکــە، لەســەر ئــەم پێــوەرە، (هەندێــک پێشــنیاز) تەنیــا پۆلەکانــی گــروپ و پۆلــەکان دەناســێنێت (نــە کلــۆزەکان و نــە وشــەکان). بــەم شــێوەیە دان بــەوەدا دەنێــت کــە، لــە (پلــە)ی پلــەی کلــۆز لــە زمانــی ئینگلیزیــدا، تەنیــا یــەک (کلاســی)ی کلــۆز هەیــە، بــە جۆرێــک کــە چەمکــی (کلاســی یەکــە) بــۆ ئــەم یەکەیــە ناگونجێــت و بــەکار نایــەت. لــە پلــەی گروپــی (هەندێــک پێشــنیاز) لــە ســەرەتادا چــوار کلاســی ناســاند. ئەمانــە بریتــی بــوون لــە گروپــی نــاوی (بــۆ نموونــە، ئــەو، ئایڤــی و پیــاوە ڕەشپۆشــەکە)، گروپــی پێشــوو (بــۆ نموونــە، بــە ڕەش)، گروپــی هاوەڵنــاوی (بــۆ نموونــە، زۆر خێــرا) و گروپــی هاوەڵــکاری (بــۆ نموونــە، زۆر بەخێرایــی). لــە چاپــی ١٩٧٤-٦ زیاتــر پێشــنیازی کــرد، کــە لــە شــیکارییەکی پێشــەکیدا ڕەنگــە یارمەتیــدەر بێــت کــە ســوود لــە چەمکــی کۆنی/تەقلیــدی پێــوەر و کلاس لــە (گروپــی زارەکــی) وەربگریــن. بــۆ نموونــە:

– --_ **ڕەنگە بینیبێت.**

بۆچوونــە ســەرەتاییەکانی هالیــدەی ســەبارەت بــە

کەتیگۆرییــەکان/ لــە پۆلــەکان/ کەرەســتەکان پۆلــی ڕێزمانــی Grammatical category بــە ســەرەکی دادەنــرێ ئــەو شــیکردنەوەی لــە زمانــی چینــی نوێــدا کــردی، کــە تیایــدا بــاس لــە یەکــە - unit، توخــم – element، پــۆل – class دەکات (بڕوانــە Kress١٩٧٤:٣٣، کۆمێنتــی، Kress لــەو بــارەوە ئەوەیــە، کــە جێگــەی سەرســوڕمانە، کــەوا سیســتەم و ڕۆنــان لــەو ئاســتەی خــوارەوەدا بــن، لــە ســەرەتای پەیدابوونــی چەمکــی سیســتەم و ڕۆنانــدا، هەروەهــا تێبینــی ئــەوەش دەکــرێ وەکــو ئــەوەی هالیــدەی خــۆی دانــی پێدادەنێــت لــە ناســاندنی کەتیگۆرییەکانــدا ڕەنگدانــەوەی بۆچوونەکانــی(Firth)ی پێــوە دیــارە، کــە لــە تیــۆری ڕۆنانــی سیســتەمەکاندا خســتیە ڕوو. ڕۆنــان structure بریتیــە لــەو کەرەســتە، کــە بــۆ خســتنەڕووی لێکچونەکانــی نێــوان ڕووداوەکان ســەرکەوتووانە ڕوون بکاتــەوە، وەســفی جــۆری پەیوەندییــەکان دەکات لەپەیوەندییــە ئاســۆییەکان(syntagmatic relations)دا لەســەر ئاســتی ڕێزمانــدا، ڕووە لێکچووەکانیــان دەخاتــە ڕوو، ســەیری ئــەو نموونانــەی خــوارەوە بکــە: کــە هــەر چــوار توخمــە بنچینەییەکانــی ڕۆنانــی ڕســتەی تێدایــە، کــە بریتیــن لــە (بکــەر - S)، (گــوزارە - P)، (تەواوکــەر - C)، (ســەبارەکان - A)

S = subject

P = predicate

C =complement

A = Adjunct

$\{John\}_S$ $\{Kicked\}_P$ $\{the\ cat\}_C$ $\{violently\}_A$

جۆن بە بێبەزەییانە لە پشیلەکەی دا.

$\{My\ Father\}_S$ $\{was\}_P$ $\{ill\}_C$ $\{yesterday\}_A$

**باوکم دوێنێ نەخۆش بوو.**

کاتــێ کــە ســەیری پەیوەندیــی نێــوان ڕۆنــان(structure) و پایــە Rank دەکەیــن ئەوەمــان بەرچــاو دەکەوێــت، کــە چــۆن هــەر توخمێــك لــە توخمەکانــی ڕۆنانەکــە تەنیــا ڕێگەیــەک بــە ژمارەیەکــی دیاریکــراو دەدات لــەو شــوێنە بــەکار بێــن بــۆ نموونــە توخمــی P دەتوانــێ تەنیــا لەگــەڵ دەســتەبەندی کــرداردا کار بــکات.


ئامــاژە بــە پێوەرێکــی هەســتەوەر دەدات بــۆ بــەراورد کــردن، لــەوەی کــەوا لــە ڕێگــەی ئــەو پێــوەرەوە ڕۆنانەکــە دەستنیشــان دەکــرێ (بڕوانــە 24, Butler, 1985). هالیــدەی هەوڵــی ئــەوەی دەدا کــە ڕۆنانــە ســەرەتاییەکان لــە ڕۆنانــە لاوەکییــەکان جیــا بکاتــەوە، ئــەوەی یەکەمیــان کەمتریــن توخمــی پێویســت لەخــۆ دەگــرێ، بــۆ کاراکردنــی یەکەیەکــی دیاریکــراو، بــۆ نموونــە توخمەکانــی (A , C, P , S) لەڕۆنانــی ڕســتەدا بــە هەمــوو جۆرەکانیــەوە ڕۆنانــی سەرەتایی(ســەرەکی و بنەڕەتــی) پێــك دێنــن، بــەڵام ڕۆنانــە لاوەکییــەکان لــە هەمــان پایــەدا پێویســتی بــە وردەکاری زیاتــرە، لــە یەکــی بەرچاوتــر لــە هەمــان پایــەدا هەیــە، بــۆ نموونــە توخمــی بکــەر(S) دەکــرێ وردتــر مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــرێ، ئایــا وەکــو بابەتێکــی پــڕ یــان بەتــاڵ دەردەکەوێــت، بــۆ نموونــە لــە کــرداری ڕابــردوو بــۆ کەســی ســێیەم. (بڕوانە Huddleston,1988,144).

هــات ـــــ ئەگــەر لادرا شــوێنگرەوەی بکــەر کــە نووســەکە دەرنەکــەوت دەکــرێ بــەو شــێوەی خــوارەوە بنــووسرێ:

ها، ت، Ø

ڕەگ م. کاتبکەر

ســەبارەت بــە کەرەســتەی پۆلــەکان class category of کۆمەڵــە ئەندامێــك دەســتەبەند دەکات لــەو یەکانــەی کــە بەردەســتن، لــە ڕێگــەی کردەوەیەکــەوە لــە ڕۆنانــی یەکەکانــەوە پێناســە دەکــرێ.Berry ســاڵی ١٩٧٤ ئــەو هێڵکارییــەی خــوارەوەی خســتە ڕوو.




هێڵکاریی ژمارە (٦)

بەڵام تا چاپی ساڵی ١٩٨١ فاوسێت چەند گۆڕانکارییەکی لە مۆدێلەکەدا کردبوو. یەکەم: هەڵوێستی خۆی لەسەر (گروپی زارەکی)ی گریمانەکراو بەهێزتر کردبوو، نووسیبووی کە تەنانەت بۆ شیکاری دەقیش کەرەستەکانی (گروپی کرداری) گریمانەکراو (بە باشترین شێوە وەک کەرەستەکانی کلۆز نیشان دەدرێن) (فاوسێت١٩٧٤) (بۆ کۆمەڵەی تەواوی هۆکارەکان سەیری فاوسێت (٢٠٠٠) و (ب) و بۆ پوختەیەکیان لە پاشکۆی ت بکە.) دووەم گروپەکانی (هاوەڵناو) و (هاوەڵکار)، کە پێشتر لە چاپی ١٩٧٤-٦ وەک پێکهاتەیەکی باوی هاوبەش نیشان درابوون، وەک (گروپی چەندایەتی-چۆنایەتی) کۆ کرانەوە (لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی گشتی مانای (چەندایەتی)ی (چۆنایەتی) دەرئەبڕن). و سێیەم: ناوی (گروپی سەرەتایی) دووبارە ناوی گۆڕدرا بۆ (گروپی پێشگری/ئامرازی پەیوەندی). دواتر، بۆی دەرکەوت کە بۆ ئەوەی وەسفێکی دروستی زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر پێشکەش بکەین، پێویستە فێری هەردوو، گروپی چۆنایەتی و گروپی چەندایەتی ببین. بۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی گروپی چۆنایەتی بە زمانی ئینگلیزی سەیری تروکەر ١٩٨٨ )بکە.

سێ کلاس لە یەکە نوێیەکەی پۆلەکە بە شێوەیەکی تاقیکاری ناسران: پۆلی ڕەگەزی (بۆ نموونە، پۆلی/کلستەری خۆشەویستەکەی)، پۆلی ناوی (بۆ نموونە، دکتۆر ئایڤی ئیدل) و کلستەری/ پۆلی میزاجیی (بۆ نموونە، زۆر کەمتر لە زۆر کەمتر ئازاربەخش). تا ساڵی ١٩٨١ (کلستەری میزاجی لە (گروپی چەندایەتی-چۆنایەتی)دا هەڵبژێردرابوو، و دواتر هێشتا ئەو زانیاریانەی کە دەیگرێتەوە بوونە بەشێک لە بەڵگەکان بۆ پێویستی ناساندنی (گروپی چەندایەتی). کلاسەکانی دیکەی (پۆل) لە شێوازی ئێستای ڕێزمانەکەدا زیاد دەکرێن.

لە (هەندێک پێشنیاز)دا باس لە چەمکی (پۆلی وشە) نەکراوە، چونکە (وشە) لەوێ وەک بابەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت نەک وەک یەکەیەکی ڕستەساز (Halliday, ١٩٧٤، ٦,٦٧,٨١)

دوا پۆلی سێ پۆلی تیۆری کە لە (هەندێک پێشنیاز) دا دانیان پێدا نراوە (لەگەڵ (یەکە) و (کلاسی یەکە)) کەرەستەیەکی پێکهاتە بوو. ئەم زاراوەیە وەک (یەکە) لە بنەڕەتدا بە هەمان واتای (پۆلەکان) بەکار هاتووە. بەڵام چەمکەکە ڕۆڵێکی زۆر بەهێزتر لە تیۆرەکەدا بەگشتی دەگێڕێت وەک لەوەی لە (پۆلەکان)دا هەیەتی، بەهۆی وابەستەیی یەکتر لە چوارچێوەی ئێستادا بە پێناسەکانی

چینێـک لـە یەکـە و کەرەسـتەکانی پێکهاتەکـەی. لـە (پۆلـەکان) دا، لـە بەرامبـەردا، پۆلێـک لـە یەکـە بەپێـی توانـای (کارکـردن لـە پێکهاتـەی یەکـەی داهاتـووی سـەرەوە) پێناسـە دەکرێـت. (Halliday, ١٩٦١, ٦٤,٧٦).

کەواتــە لــە دوو لــە (پۆلەکانــی)دا، (هەندێــک پێشــنیاز) هاوشــێوەی هالیدەیــە (٧٦/١٩٦١). لــە کاتێکــدا چەمکــی (کلاســی یەکــە) بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان هاوشــێوەیە، پێوەرەکانــی ناســینەوەی (کلاس)ی (یەکــە) زۆر جیــاوازن و چەمکــی (سیســتەم) لــەم ئاســتەی وەســفکردندا بــە هیــچ شــێوەیەک دەرناکەوێــت. بــەڵام جیاوازییەکــی گەورەتــر لــە نێـوان (پێوەرەکانـی (پۆلـەکان) و پەیوەندییەکانـی (هەندێـک پێشـنیاز)دا هەیـە، وەک لـە بەشـی داهاتـوودا دەردەکەوێـت.

### ٣-٣ پەیوەندییەکانی نێوان پێشنیازەکان

جیاوازیــی یەکــەم ئەوەیــە کــە هەندێــک پێشــنیاز زۆر پەیوەندیــی زیاتــر لــە ســێ پێوەرەکــە لــە (پۆلــەکان) دا دەناسـێت. دەیـان پەیوەنـدی هـەن. یەکێـک لـە داهێنانــە ســەرەکییەکانی بریتییــە لــە دابەشــکردنی (پێــوەر) ی (ڕیزبەنــدی)ی هالیــدەی بــۆ ســێ بــەش: پێکهاتەیــی، پڕکردنـەوە و ڕیزبەندیـی دروسـت. بـۆ ئامـاژەدان بـەم بابەتـە سـەیری پوختـەی نایابـی بوتلـەر بـۆ ئـەم چەمکانـە بکـە:

پێکهاتـە بریتییـە لـە پەیوەندیـی نێـوان یەکەیـەک و ئـەو توخمانـەی کـە لێـی پێکهاتـووە. بـۆ نموونـە، ڕەنگـە بڕگەیـەک لــە کەرەســەکانی (S, P, C, A) پێــک هاتبێــت. هــەر یەکێــک لـەم کەرەسـتە پێکهاتانـەی لەوانەیـە (بـەڵام پێویسـت نـاکات) بــە گــروپ پــڕ بکرێنــەوە. لــە تایبەتمەندیــی پێکهاتەیەکــی ڕستەسـازیدا، پێکهاتـە و پڕکردنـەوە بـە یەکـەوە دەگۆڕدرێـن لــە ژێــر پێکهاتەیــی درەختیــدا، بچووکتریــن کەرەســتەکانی پێکهاتــە لــە لایــەن یەکەکانــی تــرەوە پــڕ ناکرێتــەوە. لــەم خاڵــەدا پێویســتمان بــە چەمکــی ڕیزبەندییــە، وەک ئــەوەی فاوسـێت بـەکاری هێنـاوە: نزمتریـن کەرەسـەکانی پێکهاتـە بـە بابەتـە ڕوون دەکرێنـەوە، کـە کـەم تـا زۆر هاوتـای (وشـەکان) و (مۆرفیمــەکان)ن لــە هالیــدەی مۆدێلــدا.

(Butler, ١٩٨٥: ٩٥ ).

ئــەم ســێ چەمکــە کــە ئەمــڕۆش بنەمــای مۆدێلــی ڕستەسـازیی ڕێزمانـی کاردیـف پێـک دەهێنـن، ئـەم چەمکانـە پێویســتن بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان لــە هــەر مۆدێلێکــی ئەرکیــی سیســتەمی گونجــاوی ڕستەســازیدا.

چەمکــی پلــە لە(پۆلــەکان) لــە (هەندێــک پێشــنیاز) دا هێڵراوەتــەوە، بــە لایەنــی کــەم لــە پەیوەندیــی لەگــەڵ کلـۆز و گروپـدا، کـە ناوکـی مۆدێلـی ڕستەسـازی لـە هەمـوو وەسـفەکانی (SFL) پێـک دەهێنـن (بـە کارکردنـی زۆر کەمـتر لەســەر پێشــنیازکراوی (پەیوەندیــی مۆرفیمــی وشــە). بــەڵام ئـەم (پێـوەرە پلەبەندییـە) بچووکـە ڕستەسـازییە بـە شـێوەیەکی زۆر جیــاواز لــە (پۆلــەکان) لێکدەدرێتــەوە، چونکــە وەک بەدیهێنانــی پەیوەندییەکــی واتاســازی هاوتــای نێــوان (دۆخ) و (شــتەکان) و (چۆنایەتیــەکان) کــە کەرەســەکانی ئــەون و لــەو ئاسـتە بەرزتـرەدا سـەیر دەکرێـن، کاری دواتـر لـەم شـێوازە تیۆرییــەدا بریتــی بــوو لــە کەمکردنــەوەی ڕۆڵــی چەمکــی (پێوەرێکـی پلـە) تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە چیـتر هیـچ پێگەیەکـی لــە تیۆریەکــەدا بــە هیــچ شــێوەیەک نەبێــت. (بێگومــان هێشـتا دەتوانرێـت (ئاسـەواری) چەمکـی (پێوەرێکـی پلـە) لـە وەسـفێکدا ببینرێـت کـە لەسـەر بنەمـای تیـۆری ئێسـتا بێـت، بــەو پێیــەی ئــەو دیاردانــەی کــە لــە بنەڕەتــدا پێشــنیازیان کردبــوو، هێشــتا لــە زمانەکــەدا ئامــادەن.

دوو جــۆر پەیوەندیــی یــەک لــە دوای یــەک لــە نێــوان کەرەســە خوشــکەکانی پێکهاتــە لــە (هەندێــک پێشــنیاز) دا دەناسرێنــەوە: پەیوەندیــی ســێگمێنتاڵی تەنیشــتبوون و پەیوەندیـی نابـەردەوام، کاتێـک ڕوو دەدات کـە کەرەسـتەکان تەنیشــت نیــن، ئەمانــە لــە (پۆلــەکان)دا بــە ڕوونــی بــاس نەکـراون، بـەڵام هەمـوو تیۆرێکـی ڕستەسـازی دەبێـت ڕێگـەی گونجـاوی هەبێـت بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ جـۆرە جیاوازەکانـی پچڕانــی کــە لــە زمانــدا دەبینرێــن.

لــە کۆتاییــدا دوو جــۆر لــە دووبارەبوونــەوە دەناسرێتــەوە. یەکەمیــان جێگیرکردنــە، کــە تێیــدا یەکەیــەک (ڕیزبەنــدی) دەکرێـت (بـۆ بەکارهێنانـی زاراوەی ڕەسـەنی هالیـدەی) بـۆ پڕکردنــەوەی کەرەســتەیەکی پێکهاتــە لــە یەکەیەکــی هەمــان پلــە یــان نزمــتردا. دووەمیــان هەماهەنگییــە، کــە تێیــدا دوو یــان زیاتــر لــە یەکــەکان یــەک کەرەســتە لــە پێکهاتــە پــڕ دەکەنــەوە.

جگــە لــە چەمکــی (پلــە) - و بــەم پێیــەش چەمکــی وەرگێــڕاوی (گۆڕینــی پلــە) هەمــوو ئــەم (پەیوەندییانــە) لــە مۆدێلــی ڕستەســازیدا دەهێڵرێنــەوە کــە لــە بەشــی دووەمــدا دەخرێنــە ڕوو، و ژمارەیەکــی کــەم لــە چەمکــی زیــادە کــە لــە (هەندێــک پێشــنیاز)دا جێگیــر نەکــراون بۆیــان زیــاد دەکرێــن. بۆیــە پێویســت نــاکات لــەم خاڵــەدا زیاتــر بــاس لــە چەمکەکانــی (هەندێــک پێشــنیاز) بکرێــت.

## ٣-٤ ڕۆڵــی (هەندێــک پێشــنیاز) لــە پەرەپێدانــی تیــۆری (SF)ی مۆدێــرن لــە ڕستەســازی

بــا ئێســتا ئــەم بەشــە کورتــە پوخــت بکەمــەوە. (هەندێــک پێشــنیاز) دەســتی کــرد بــە کاری چاکســازیی گشــتی ئــەو چەمکانــەی کــە بــۆ یەکەمجــار لــە (پۆلــەکان)دا خراونەتــە ڕوو، لــە ژێــر ڕۆشــنایی پێداویســتییەکانی تیۆرییەکــی مۆدێــرن لــە ڕستەســازی (SF)- تیۆرێــک کــە تێیــدا تۆڕەکانــی (سیســتەمی تێپەڕیــی، ڕێــژەی کار، بــاس) و ئــەوەی ماوەتــەوە وەک مۆدێلکردنــی ئاســتی واتــا دادەنرێــن. وەک لــەو کاتــەدا نووســی بــووی، پۆلــە ڕێزمانییــەکان ئــەو پۆلانــەن کــە، پێویســتن بــۆ خســتنەڕووی یاســاکانی تێگەیشــتن کــە هەڵبژاردنــەکان لــە واتاســازیی وشــەکاندا دەرئەبــڕن بــە باشــترین ئابــووری) (Fawcett ,1974: 4,5) ئــەو بیرۆکــە نوێیانــەی کــە هێنایــە ئــاراوە هەموویــان بەهــای خۆیــان ســەلماندووە، چ لــە بنیادنانــی سیســتەمی شــیکردنەوەی کۆمپیوتــەر، بــەڵام کارەکانــی دواتــر دەریانخســتووە کــە لــە هەندێــک حاڵەتــدا پێداچوونــەوەکان بــە ڕادەیەکــی پێویســت تونــد نەبــوون (بــۆ نموونــە، مانــەوەی چەمکــی (پێــوەری پلــە)). بــەڵام لــە زۆربــەی حاڵەتەکانــدا ئــەو چەمکانــەی لــە (هەندێــک پێشــنیاز)دا دامــەزراون، لــە تاقیکردنــەوەی بیســت و پێنــج ســاڵ بەکارهێنــان، لــە بــوارە جیاوازەکانــی بەکارهێنانــدا وەک وەســفکردنی زمانــی ئینگلیــزی، هەروەهــا لــە وەســفکردنی زمانــە جۆراوجۆرەکانــی دیکــەدا دەرچــوون و ئــەوان چەمکــە ناوەندییەکانــن لــە تیــۆری ڕستەســازی بــۆ ڕێزمانێکــی ئەرکــی سیســتەمی مۆدێــرن.

_ئەگــەر هەڵســەنگێنەر داڕشــتنێکی باشــتری هەبووایــە بینووســیبا.

## ٣-٥ پێکهاتەی زمان

### ٣-٥-١ دەق و ڕێزمان

کاتێــک خەڵــك قســە دەکات یــان دەنووســێت، دەق بەرهــەم دەهێنێــت، دەق بریتییــە لــەو شــتەی کــە گوێگــران و خوێنــەران ئاوێزانــی دەبــن و لێکدانــەوەی بــۆ دەکــەن. چەمکــی ‹دەق› دەگەڕێتــەوە بــۆ هــەر نموونەیەکــی زمــان، بــە هــەر شــێوازێکی گەیانــدن بێــت، واتــا دەدات بــۆ کەسێک کــە زمانەکــە دەزانێــت. ئێمــە دەتوانیــن دەق بــەو زمانــە دابنێیــن کــە لــە (ســیاقێکی) دیاریکــراودا کار دەکات. هــەر لــە ســەرەتاوە، زمــان بریتییــە لــە ســەرچاوەی دروســتکردن و بەرهەمهێنانــی واتــا، بۆیــە دەق دەبێتــە پرۆســەی دروســتکردنی واتــا لــە چوارچێوەیەکــی دیاریکــراودا.

بــۆ کەســێکی ڕێزمانــزان، دەق دیاردەیەکــی دەوڵەمەنــد و فرەلایەنــە، کــە بــە چەندیــن ڕێــگای جیــاواز «واتــا دەدات» دەتوانرێــت لــە چەندیــن تێڕوانینــی جیاجیــاوە لێکۆڵینــەوەی لەبــارەوە بکرێــت. بــەڵام ئێمــە دەتوانیــن دوو گۆشــەنیگای ســەرەکی جیــا بکەینــەوە: یەکــەم، بــە جەختکردنــەوە لەســەر دەق وەک کەرەســتەیەکی ســەربەخۆ؛ دووەم جەختکردنــەوە لەســەر دەق وەک ئامرازێــک بــۆ درکپێکــردن و زانینــی شــتێکی تــر. لەکاتــی جەختکردنــەوە لەســەر دەق وەک کەرەســتەیەک، ڕێزمانزانێــک لــەم جــۆرە پرســیارانە دەکات: بۆچــی دەقەکــە ئــەو واتایــە دەدات کــە هەیەتــی (بــۆ مــن، یــان بــۆ کەســانی دیکــە)؟ بۆچــی وەکــو ئــەوەی هەیــە بەهــای بــۆ دادەنرێــت؟ لەکاتــی جەختکردنــەوە لــە ســەر دەق وەک ئامرازێــک، ڕێزمانزانێــک دەپرســێت، دەقەکــە چــی لەبــارەی سیســتەمی ئــەو زمانــەوە دەردەخــات و ئاشــکرا دەکات کــە قســەی پــێ دەکرێــت، یــان پێــی دەنووســرێــت. ئــەم دوو ڕوانگەیــە بــە ڕوونــی تەواوکــەری یەکــترن: ئێمــە ناتوانیــن ئــەوە ڕوون بکەینــەوە کــە بۆچــی دەقێــک ئــەو واتایــە دەدات کــە هەیەتــی، لەگــەڵ ئــەو هەمــوو بەهــا و خوێندنــەوە جۆراوجۆرانــەی کــە ڕەنگــە پێــی بدریــت، جگــە لــەوەی کــە بــە کــۆی سیســتەمی زمانەوانیــی زمانەکــەوە ببەســترێتەوە؛ و بــە هەمــان شــێوە، ناتوانیــن دەقەکــە بــەکاری بهێنیــن وەک پەنجەرەیــەک بــۆ نــاو سیســتەمی زمانەکــە، مەگــەر ئێمــە لــەوە تــێ بگەیــن کــە چ واتایــەک دەدات و بۆچــی؟ بــەڵام


دەق لـە هـەر دۆخێکـدا پایـە و پێگەیەکـی جیـاوازی هەیـە: یـان وەک بەرهەمێکـی هونـەری سـەیر دەکرێـت، یاخـود وەک نموونەیەکـی زمـان سـەیر دەکرێـت.

**٣-٥-٢ دەنگناسی**

ڕەنگـە دیارتریــن ڕەهەنــد و لایەنــی زمـان بریتــی بێــت لـە پێکهاتـەی داڕشـتنی زمانەکـە، کـە نـاسراوە بـە «ڕۆنـان» : واتـا یەکـە گەورەکانـی زمـان لـە یەکـە بچووکەکانـی پێـک دێـن. شـێوە و ڕێکخسـتنەکانی هـەر سیسـتەمێکی لاوەکیـی زمـان وەکـو سیسـتەمی لاوەکیـی دەنگـەکان، یـان دەنگناسـی دابـەش بـوون بـە سـەر یەکـە قەبـارە جیاوازەکانـدا، هـەر لـە گەورەتریـن یەکـەی سیسـتەمە لاوەکییەکـەوە بـۆ بچووکتریـن یەکـەی. یەکـە قەبـارە جیـاوازەکان جـۆری جیاوازیـی شـێوە و ڕێکخسـتن لەخـۆ دەگـرن: بـۆ نموونـە، لـە دەنگناسـیدا، گەورەتریــن یەکــەکان شــێوە و ڕێکخســتنی ئــاوازی دەنــگ دەگوازنــەوە، هەروەهــا بچووکتریــن یەکەکانیــش شــێوە و شــێوازی دەربڕینــی دەنگەکانــی دەگوێزنــەوە ئەگــەر ئێمــە گــوێ لــە هــەر کام لــەم دەقانــە بگریــن، لــە ڕاســتیدا هــەر دەقێــک کــە لــە شــێوەی ئاخاوتنــدا بێــت، ئــەوا گوێبیســتی ئــاوازی نەپچــڕاو و بەردەوامــی بەرزبوونــەوە و نزمبوونـەوەی دەنـگ دەبیـن، هەروەهـا گوێبیسـتی هەندێـک سـاتی دیاریکـراوی زاڵبوونـی دەنـگ دەبیـن کـە یـان بـە گۆڕینـی ڕاددەی بەرزونزمـی دەنـگ تارادەیـەک بـە خێرایـی دەناسرێتـەوە یاخـود بـە درێژبوونـەوەی مـاوەی بـەرزی و نزمـی دەنــگ دەستنیشــان دەکرێــت.

بڕوانە: (Halliday and Greaves, 2010 ,4).

ئـەو بەرزبوونـەوە و نزمبوونـەوەی دەنگـەکان لەخـۆوە و بـە هەرهەمەکـی نییـە، بەڵکـو پەیوەندیـی بـە یاسـایەکی دەنگسـازیەوە هەیـە، لـە ژێـر سـایەی ئاسـتەکانی ئـاوازە بەڕێـوە دەچێـت، کـە بـە سـەر چـوار ئاسـت دابـەش دەبـن، لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە.




هێڵکاریی ژمارە (٧)

دەسـتپێکردنی ئاخاوتنـی ئاسـایی لـە ئاسـتی دووەوە دەسـت پـێ دەکات و بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ئاسـتی سـێیەم و دواتـر لـە کۆتایـی ئاخاوتنەکـە دێتـە خـوارەوە بـۆ ئاسـتی یەکـەم، ئـەوە ئەگــەر ڕســتەکە هەواڵــدان بــوو، بــەڵام ئــەو ئاوازەیــە لــە ڕسـتەی پرسـیارکردن و سەرسـوڕمان گۆڕانـی بـە سـەردا دێـت. (بڕوانـە: Yavaş, 2011, 173)

ئـەم سـاتانەی زاڵبوونـی دەنـگ بەشـێکی بچووکـی ئـاوازی دەنگەکــە پیشــان دەدات و دەریدەخــات، واتــا یەکەیەکــی ئــاواز، یــان دێڕێــک. هەروەهــا لەمیانــەی بەردەوامــی و بەرەوپێشـچونی ئـاوازی دەنگەکـە، ئێمـە دەتوانیـن گوێبیسـتی ترپــە و لێدانێکــی تارادەیــەک ڕێــک بیــن، کــە یەکەیەکــی دەنگـی کێشـدار یـان پایـە پیشـان دەدات و دەیناسـێنێت. ڕەنگـە بتوانیـن ئـەوە جیـا بکەینـەوە کـە دێڕەکـە و پایـەی کێـش و سـەروای کۆپلـە شـیعرە نەریتییەکانمـان بـە سـادەیی بریتیـن لـە دەربڕینـی ڕێکخـراوی ئـەو تایبەتمەندییانـەی کـە لـە ئاخاوتنـی ئاسـاییدا هـەن لـە بەرامبـەردا، هـەر پایەیەکـی دەنگـی لـە ژمارەیـەک یەکـەی جووڵـەی دەربڕینـی دەنگـەکان، یـان برگـەکان پێـک دێـت؛ و هـەر برگەیەکیـش لـە دوو بـەش پێـک دێـت، یەکێکیـان وای لـێ دەکات کێـش و سـەروای هەبێـت. ئێمـە بـۆ هـەر کۆپلەیەکـی کێشـدار بـە سـادەیی بـە کێـش و سـەروا ئامـاژەی پێدەدەیـن؛ ئـەو دێـڕەی کـە لـە پێشـی هاوپێـچ دەکرێـت پێـی دەوترێـت سـەرەتا (ئۆنسـێت). هەریەکـە لـە سـەرەتا و کێـش و سـەروا دەکرێـت زیاتـر شـی بکرێنــەوە وەک زنجیــرەی دەربڕینــی دەنگەکانــی بزوێــن و نەبزوێنــەکان: فۆنیمــە بزوێــن و نەبزوێنــەکان، بــە دەربڕینــی تەکنیکــی.

مــاوەی ئاخاوتــن بــەردەوام دەبێــت و درێــژە دەکێشــێت؛

ئێمە ناوە ناوە بۆ هەناسەدان دەوەستین لە کاتی ئاخاوتندا، یان دوودڵ دەبین پێش هەڵبژاردنی وشەیەک، بەڵام ئەم جۆرە وەستانە کاتییە هیچ ڕۆڵێکی نابێت لە ڕۆنان و پێکهێنانی گشتگیردا. هیچ کام لەم یەکانە - دێڕە ئاوازدارەکان (یان ‹کۆمەڵەی تۆنی دەنگ›)، پایە (یان ‹کۆمەڵەی کێش و ڕیتم›)، برگە و فۆنیمەکان – بە ڕوونی سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراویان نییە، کە لە خاڵێکی دیاریکراوی کاتدا دەربکەون و دەست پێ بکەن و لە خاڵێکی دیکەدا کۆتاییان پێ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین گوێبیستی ئەو شێواز و دەربڕینانە بین، کە گۆ دەکرێن لە دەنگی ناو ئاخاوتنەکاندا. شێوەیەک لە ڕیزبەندی هەیە لێرەدا کە دەتوانین پێی بڵێین ڕۆنان، کە تێیدا یەکە و دەربڕینە گەورەکانی زمان لە یەکە و پێکهاتە بچووکەکانی پێک دێن و دروست دەبن: دێڕێک لە چەند پایەیەک لە چەند برگەیەک، برگەیەک لە زنجیرەیەک فۆنیم پێک دێن (لەوانەیە ‹سیستەمێکی لاوەکی› وەک نێوەندگیرێک لە نێوان ئەو دوانانەدا هەبێت). ئێمە ئەم جۆرە پلەبەندییە، کە بەهۆی ڕۆنانەوە پەیوەستن بەیەکەوە، وەک پێوەری پلە و پێگە ئاماژەی پێ دەکەین، و هەر هەنگاوێک لە ناو پلەبەندییەکەدا ئاماژەیەکە بۆ یەک پلە و پێگە. (بڕوانە Halliday, 2014, 4).

**٣-٥-٣ زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو (سیستەمی) وەک تیۆرێکی سەرەکی ئێستای زمان**

لە هەندێک ڕوانگەوە، زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو بە یەکێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی زمانی سەردەمی ئێمە دادەندرێت. ئەگەر کەسێک حوکم لەسەر گرنگی تیورێک بدات بەهۆی ئەو توێژینەوانانەی کە پێشکەش دەکرێن لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی زمانەوانیی ئەمریکا و یەکێتی زمانەوانیی بەریتانیا و ڕووداوەکانی دیکەی لەو جۆرە، و هەروەها بە باسکردن و نیشاندانیان لە گۆڤارەکانی پەیوەست بەو کۆمەڵە و یەکێتییانە، ئەوا ئەم لێکدانەوە و خەمڵاندنە تێگەیشتنی ئاسانە، لێکدانەوەیەکە بە شێوەیەکی جددی سەرلێشێوێنەرە، بەڵام زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو بە پشت بەستن بە خۆی دەتوانێت بانگەشەی پێگەیەکی تیۆری بەرچاو بکات. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بریتییە لە پێشەنگایەتییەکەی لەو بوارەدا کە سەخترین و پڕ ئەرکترین ئامرازی تاقیکردنەوەی فەرمییە لە نێو هەموو تیۆرەکانی دیکەی زماندا. ئەمە بواری بەرهەم هێنانی زمانی سروشتییە لە ناو کۆمپیوتەردا. ئەمەش هەم بەکارهێنانی تیۆرییەکەیە - هەر بۆیەش لە لیستەکەی سەرەوەدا هاتووە و هەم کاتێک کارەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و پشت بەست بە تیۆری ئەنجام دەدرێت، بە فەرمیکردنێکی سەخت و پڕئەرکی تیۆرییەکەیە. لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا، ڕێزمانەکانی ئەرکیی ڕێکخراو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زۆربەی تیۆرەکانی دیکەی ئەو سەردەمە (ئەگەر هەمووشیان نەبن) لەم بوارەدا بە شێوەیەکی تەواوتر بە فەرمیکراون و تاقیکراونەتەوە، هەروەها بەشداربوون لەم کارەدا لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا قەناعەتی ئەوەی لای فاوسێت دروست کرد، کە بەڕاستی ئەمە توندوتۆڵترین جۆری بەفەرمیکردنە لە ناو هەموو جۆرەکانی دیکەی بەفەرمیکردنە. هەریەکە لەو دوو وەشانە سەرەکییە بەدیلەی زمانەوانیی ئەرکیی ڕێکخراو کە لێرەدا باس دەکرێن، ئەم تاقیکردنەوە سەختەی ‹بەرهەمهێنەری› یان بەشێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ کردووە و ئەم دوو نموونە یان مۆدێلەی ڕێزمان «یەکێکن لە گەورەترین ڕێزمانەکان کە لە هەر شوێنێکدا لە شێوەی کۆمپیتەریدا هەبن. (Halliday, 1994, xii)” لە ڕاستیدا، (بوتلەر-Butler) ، لەوەش زیاتر دەڕوات سەبارەت بە ڕێزمان لە پرۆژە بە کۆمەڵەکەی لە کاردیف و دەڵێت کە «لە ئێستادا لە گەورەترین ڕێزمانی ڕێکخراو لەسەر بنەمای کۆمپیوتەری لە جیهاندا کار دەکات (Butler, 1993b, 4503) . هەرچەندە ئەمە کارێکی زۆر سەختە کە بەراورد لە ڕادەی لێکۆڵینەوە و باسکردن لە نێوان ڕێزمانەکاندا بکرێت، بەڵام من پێم وایە کە ئەو ڕاست دەکات. جگە لەوەش، ڕێزمانی کاردیف هێشتا لە گەشەکردندایە، لەکاتێکدا بوارەکانی دیکە زیاد دەکرێن و هەروەها ئەو بوارانەی کە هەن دووبارە دەنووسرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو بەشە سەخت و نارێکانە بگرێتەوە کە لە زۆرێک لە ڕێزمانە بڵاوکراوەکاندا (بەتایبەت ڕێزمانەکانی بەرهەمهێنەردا) لابراون و سڕاونەتەوە.

کەواتــە بەکورتــی دەتوانیــن بڵێیــن زمانەوانیــی ئەرکیــی ڕێکخــراو کۆمەڵێــک گریمانــەی خــۆی هەیــە ســەبارەت بــە سروشــتی کرۆکــی زمــان، و ئامانجەکانــی زمانەوانــی، و ئــەو شــێوازانەی کــە دەبــێ لــە ڕێگەیانــەوە پەیــڕەو بکرێــن، ئــەو پەیوەندییانــەی، کــە هەیــە لــە نێــوان تیــۆری و وەســف و بەکارهێنانــدا. ئــەم گریمانانــە ڕەنگــە تەنیــا بەشــێکیان لەگــەڵ گریمانەکانــی تیۆرەکانــی زمــان لــە خاڵەکانــی دیکــەی ئــەو زنجیــرە تیۆرانــە کــە پێشــتر باســمان کــردن کــۆک بــن، بــەڵام دەتوانرێــت بڵێیــن کــە تەنانــەت لــە ڕوانگــەی تیۆرەکانــی دیکەشــەوە زمانەوانیــی ئەرکیــی ڕێکخــراو شــایەنی ئەوەیــە وەک تیۆرێکــی ســەرەکی هەنووکەیــی ســەیر بکرێــت، بەهــۆی بــە فەرمیکردنــی ســەرکەوتووانەکەیەوە لــە نموونــە و مۆدێلەکانــی زمانــی کۆمپیوتەریــدا.

### ئەنجام

ئــەم توێژینەوەیــە ئــەم ئەنجامانــەی خــوارەوەی لــێ دەکەوێتــەوە:

١. ســەرەتای بۆچوونەکانــی فاوســێت وەکــو قۆناغێکــی پاڵپشــت و پڕکردنــەوەی بۆچوونەکانــی هالیــدەی لــە ڕێزمانــی ئەرکیــدا بەرچــاو دەکەوێــت، بــەڵام دواتــر وەکــو ڕێزمانێکــی ئەرکیــی ســەربەخۆ بنەماکانــی بــۆ دادەڕێــژرێ، لەبــەر ئــەوە بــوو بــە(دوای ڕێزمانــی ئەرکــی/ ڕێزمانــی دوای هالیــدەی Post functional Grammar / Post Hallidy G) نــاو بــرا.

٢. لای هالیــدەی ڕســتە بــەدوو قۆنــاغ لــە شــیکردنەوەی تێدەپــەڕی، ڕســتە وەکــو یەکەیەکــی ســەربەخۆ و دابــڕاو لــە دەق، لــە قۆناغەکــەی دواتــر ڕســتە وەکــو بەشــێك لــە دەق، لەبــەر ئەوەبــوو زاراوەی ڕســتەی لــە قۆناغــی دووەمــی شــیکردنەوەکانی گــۆڕی بــۆ پاڕســتەی ئاڵــۆز – Complex clause

٣. هالیــدەی ســەرەتای داڕشــتنی بۆچوونەکانــی لەژێــر کاریگەریــی بۆچوونەکانــی سۆســێرو بونیادگــەرەکان دەســت پــێ کــرد، وەکــو دیوێکــی دووەمــی، یــان بۆچوونــی چۆمســکی ســەیر دەکــرا، لەپــاڵ کاریگــەری بــە قوتابخانەی(لەنــدەن) بەتایبەتــی بۆچوونەکانی(فێــرث)، کەچــی لای فاوســێت ئــەو کاریگەرییــە دەگــۆڕێ، بــۆ کاریگەریــی زمانــەوان (ڤــان ڤالیــن)، کــە لــە چوارچێــوەی ڕێزمانــی ڕۆڵ و ئامــاژەدا - Role and Reference خســتیەڕوو بەتایبەتــی لەشــیکردنەوەی پاڕســتەکاندا.

٤. بۆچوونــە تازەکانــی فاوســێت ڕەنگدانەوەیەکــی بەرچــاوی بۆچوونەکانــی چۆمســکیە بەتایبەتــی ســەبارەت بــە وەرگرتــن و فێربوونــی زمــان لــە قۆناغــی پرۆگرامــی بچووککــراوەدا.

٥. لای فاوســێت گۆڕینــی ڕێزمانــی ئەرکــی بــۆ ڕێزمانــی ئەرکیــی ڕێکخــراو/ ســیتەماتیکی ئــەوەی لــێ کەوتــەوە کەشــیکردنەوەی فــۆرم و واتــا لێــك جیــا بکاتــەوە، فــۆرم دەباتــە ئاســتی ئاســۆیی و واتــا دەباتــە ئاســتی ســتوونی، ئــەوەش وای کــرد، کــە هەنــدێ زاراوەی وەکــو: پــۆل و پێوانــە، دەســتەبەندی نــاوی، پلەوپایــە، .....تــاد بێتــە ئــاراوە.

٦. لــە شــیکردنەوەکانی تیۆرەکــە بــە ســەر زمانــی کوردیــدا، هیــچ بەربەســتێك نایەتــە بــەردەم تەنیــا ئــەوە نەبــێ، کــە بەپێــی زاراوە تازەکانــی تیۆرەکــە دەبــێ زاراوەی بــۆ دابڕێژیــن، بەهــۆی ئــەوەی پۆلــی زمانــی کــوردی زمانێکــی تێکپچــڕژاوە، بەواتــای ئــەوەی نــە نووســاوی تــەواوە، نــە زمانێکــی ناوگــری- داڕێــژراوە، دەبــێ هەوڵــی زاراوەکان لــەو ئاســتەدا بێــت، کــە لــە ڕووی شــێوەوە جــوان و بەرچــاو، و ئاســان بێــت لــە ڕووی ئــەرك و واتــاوەش مەبەســتەکە بپێکــێ. ئــەوە پەیوەنــدی بــە سیاســەتی گۆڤــارەوە هەیــە نــەك هەڵســەنگێنەر.

### سەرچاوەکان

1. Berry, M. (1977). Introduction to systemic Linguistics, London: Bats Ford.
2. Butler, C. (1985). Systemic Linguistics, Theory and application, London: Bats Ford.
3. Butler C. (1993). Systemic Grammar, London: Bats Ford.
4. Caffarel, A. (.2006). a functional Perspective university, Amsterdam, Press.
5. Crystal, D. (1971). Linguistics, Oxford University press.
6. Fawcett, (2000). A Theory of Syntax for SFL Cardiff University.
7. Fawcett, (2008). Invitation to Systemic Functional Linguistic Cardiff University.
8. Fawcett, (2010). Alternative Archesture for SFL London, E2uionox.
9. Fawcett, R, (1980). Cognitive Linguistics and Social Interaction Exeter University.
10. Halliday, (1985). Introduction to Functional Grammar, London, Arnold.
11. Halliday, (1994). An Introduction to Functional Grammar, London, Arnold.
12. Halliday, (2010). An Introduction to Functional Grammar.
13. Halliday, (2014). An Introduction to Functional Grammar.
14. Halliday, (1961). Categories of the Theory of grammar, Oxford Blackwell and Zeo, J.
15. Halliday, M., A., K., (1956). Grammatical Categories in Modern Chinese.
16. Huddleston, (1965). Rauk and depth Cambridge University Press.
17. Huddleston, (1988). Constituency, multi-Functionality and grammar, Cambridge University.
18. Kress, G, (1976). Introduction and Section Introduction, London; Macmillan.
19. Kress.and Leeuween, R., (1997). Reading Images, London: Macmillan.
20. Saussure, F., (1966). Course in General Linguistics, Black well.
21. Van valin, R., (1993). A Synopsis of yole and reference grammar, Amsterdam, Benjamin's.
22. Yavaş, F., (2011). Applied English Phonology, Blackwell publishing.

## المستخلص

لهـذا البحـث الـذي يحمـل عنوان(إطـار نظـري لآراء كل مـن " هاليـداى " و" فاوسـيت" حـول اللسـانيات الوظيفيـة النظاميـة، ويركـز البحـث عـلى آراء فوسـيت، تـارة كتكملـة لمـا جـاء بـه هاليـداى حـول النظريـة الوظيفيـة للغـة، وتـارة اخـرى كإنتقـاد وتصحيـح لمـا جـاء بـه هاليـداى. لـذا يبـدأ فاوسـيت بالقـول " عندمـا اقـول بـأن المومـا إليـه مـن اروع اللغويـين في عصرنـا، لايعنـى بـأني أسـايره الـرأى في كل ماقالـه حـول اللسـانيات الوظيفيـة، ويسـتطرد قائلـة : ولا اوافقـه الـرأى في جـل مـا قالـه حـول القواعـد الانكليزيـة، مـع كل مـا قيـل بهـذا الصـدد فلابـد مـن القـول بأنـه (أي هاليـداي ) مـن اللغويـين الذيـن تركـوا بصمـة جليـة في المسـاهمة في تطويـر فلسـفة اللغـة وتطويـر اللسـانيات في القـرن العشريـن. وأرتـأت الباحثـة اسـتعراض ملامـح هـذا التطويـر وتجلياتـه لـدى فاوسـيت، كثـف فاوسـيت تطلعاتـه و تحليلاتـه في هـذا المضـمار عـلى طـرح مضمـون آراء مدرسـتين وهـما مدرسـة سـيدني sydney و كارديـف cardif حـول قواعـد النظريـة الوظيفيـة، وقـد حـاول فاوسـيت في ذلـك الفصـل بـين النظريـة والوصـف اللغـوي، والـذي حـال الى ظهـور تحليـلات مختلفـة حـول الشـكل والمعنـى. تحليـلات فاوسـيت وتفسـيراته اسـتقرت في مسـتوى ادنى مـن مسـتوى العبـارات، لـذا تجلـت مصطلحـات جديـدة مثـل الوحـدة، الرتبـة و المجموعـة. بمفاهيـم جديـدة. ويتـوزع البحـث عـلى ثلاثـة فصـول وكالتـالي: الفصـل الاول والـذي يحمـل عنـوان اللغويـة الوظيفيـة لـدى البنيويـين، الفصـل الثـاني يسـتعرض مفهـوم الوحـدات اللغويـة والمعايـير، الفصـل الثالـث بعنـوان، بعـض المقترحـات لبعـض الفرضيـات. عـرض النتائـج والخلاصـات وتصفيـف المصـادر تكـون خاتمـة البحـث.

الكلمات المفتاحية: اللسانيات الوظيفية، قواعد اللغويات الوظيفية النظامية، هاليداى و فاوسيت.

## Abstract

For this research, which is titled (A theoretical framework for the views of "Hallyday" and "Fawcett" on systemic functional linguistics, the research focuses on Fawcett's views, sometimes as a complement to what Hallyday came about on the functional theory of language, and at other times as a criticism and correction of what Hallyday came up with. So Fawcett begins by saying, "When I say that Halliday is one of the most remarkable linguists of our time, it does not mean that I agree with his opinion in everything he said about functional linguistics. ( i.e. Halliday) is one of the linguists who left a clear imprint in contributing to the development of language philosophy and the development of linguistics in the twentieth century.The researcher sought to review the features of this development and its manifestations in Fawcett intensified his aspirations and analyzes in this regard by presenting the content of the opinions of two Fawcett schools, namely the Sydney School and the Cardif on the rules of functional theory, and Fawcett tried in that to separate theory from linguistic description, which led to the emergence of different analyzes about form and meaning. Fawcett's analyzes and interpretations settled at a lower level than the level of expressions, so new terms such as unity, rank and group appeared. With new concepts. The research is divided into three chapters as follows: the first chapter, which is titled Functional Linguistics among the Structuralists, the second chapter reviews the concept of linguistic units and criteria, the third chapter is titled, Some Proposals for Some Hypotheses. Presentation of the results and conclusions and the arrangement of the sources is the conclusion of the research.

. Keywords: functional linguistics, rules of systemic functional linguistics, Halliday and Fawcett